دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com
ژمارە: ٥٧٠
یەکشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٠ _ ٦ی نوامبری ٢٠١١ ١٥٠ تمەن ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



سکرتێری گشتی لە سمینارێک دا لە ئاڵمان:
خەڵکی ئێران پەیامی گۆڕانکارییەکانی ناوچەیان وەرگرتوە و چاوەڕوانی دەرفەتن
٣

دیمانە



کوردەکانی قەزوین، لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی کوردی قەزوینی دا
٥

سیاسی



کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئاکامەکانی
٦

بیروڕای ئازاد



ڕوانگەی سێهەم
(لە پەراوێزی پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری باڵوێزی سەعوودی لە واشنگتۆن)
٩

### بوومەلەرزە لە باکووری کوردستان، کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەیی

# دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شارێ؟



خەڵکی شار و گوندە بوومەلەرزە لێدراوەکانی باکووری کوردستان بە تایبەتی دانیشتووانی شارەکانی ئەرجیش و وان کە بوومەلەرزەکەی ڕۆژی ١ی خەزەڵوەر زۆرترین قوربانیی لە وان ئەستاند، لە نێو سەرما و بەفر و باران و لەو پەڕی ماڵوێرانی دا، ژیان دەبەنە سەر.

بوومەلەرزە ٧/٣ ریشتێرییەکی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ١ی خەزەڵوەر (٢٣ی ئۆکتوبر) کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی نزیک لە هەزار کەس لە خەڵکی شارەکانی وان و ئەرجیش و، ماڵوێرانیی چەندین هەزار کەس و وێرانیی چەند شار و گوندی لێ کەوتەوە، بۆ مرۆڤایەتی کارەساتێکی ئینسانی و بۆ کورد، کارەساتێکی نەتەوەیی بوو. دەوڵەتی تورکیە، بەو ناوە کە پێویستیی بە تیمە فریارەسەکانی بێگانە نییە، پێشی بە فریاگەیشتنی بە وەخت و کاریگەری وڵاتانی دیکەی گرت و بۆخۆشی نەیویست و نەیتوانی بەو جۆرەی پێویستە بەرەورووی کارەساتەکە بێتەوە. تەنانەت هێندێک لایەنی شۆڤێنیستی تورک، کاریان لە بێ‌تەفاوەتی و کەمتەرخەمی بەرامبەر هاونیشتمانە بندەستە لێقەوماوەکانیشیان تێپەڕاند و لەوپەڕی بێ‌ئەخلاقی دا، خۆشحاڵیی خۆیان لەم کارەساتە کە بە سەر کورد داهاتوە، دەربڕی.

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا کە لەم پێوەندییەدا بڵاوی کردەوە، بوومەلەرزە لە باکووری کوردستانی بە کارەساتێکی ئینسانی و نەتەوەیی ناوبرد و خوازیاری هەڵمەتێکی نەتەوەیی بە مەبەستی فریاکەوتنی بوومەلەرزە لێدراوان بوو. دەقی ئەو پەیامە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بخوێنەوە.

## به بۆنەی جەژنی پیرۆزی قوربانەوە

جارێکی دیکە جەژنی قوربان گەورەترین جەژنی ئایینیی موسوڵمانان نوێ بۆوە و موسوڵمانان کەوتنەخۆ بۆ زیندووکردنەوەی ئەو نەریتە پیرۆز و دێرینەیە. بەو بۆنەیەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لە تێکڕای موسوڵمانانی کورد و ئێرانی و هەموو موسوڵمانانی جیهان دەکەین و ئاواتەخوازین ئەم جەژنە دوا جەژن بێ کە موسوڵمانانی کورد و ئێرانی لە سێبەری دیکتاتۆرییەکدا نوێی بکەنەوە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە بەناوی دین سواری شان و ملی گەلانی ئێران بووە.

جەژنی قوربان یادگارو بیرخەرەوەی ڕووداوێکی عیرفانی‌یە، ئەو ڕۆژە کە پێغەمبەر ئیبراهیمی خەلیل لە خەودا لە لایەن خودای خۆیەوە فەرمانی پێدرا کوڕە جگەرگۆشەکەی، ئیسماعیل سەرببڕێ و بیکاتە قوربانی. کاتێکیش ئەو نیازەی خوی لەگەڵ کوڕەکەی هێنایەگۆڕێ ئیسماعیل پێی‌گوت چۆنی خوا ئەمری پێ‌کردووی وابکە، بە ئومێدی خوا دەبینی کە ئەمن خۆ لەبەر ئەو ئەزموونە ڕادەگرم. ئەوەبوو کە لەو دەمەدا کە ئیبراهیم دەیەویست کوڕەکەی سەرببڕێ خوداوەند قوربانی‌یەکەی لێ قبووڵ کرد و بەرانێکی بۆ نارد تا لە جیاتی ئیسماعیل سەری ببڕێ.

دەڵێن کورد لە نەوەی حەزرەتی ئیبراهیم کەوتوونەوە. ئەمە لەباری مێژووییەوە دروست بێ یان نا؟ بە هەق کوردەکان میراتگرێکی بەوەجی ئیبراهیمی خەلیلن. ئەگەر حەزرەتی ئیبراهیم ئامادەبوو تاقە کوڕێکی لە ڕێگای حەق و حەقیقەتدا بکاتە قوربانی، ئیبراهیم و هاجەرەکانی کورد واتە باوکان و دایکانی کورد بە هەزاران و دەیان هەزاریان تێداهەڵکەوتوە کە یەک، دوو، سێ و تەنانەت زیاتر لە وەشیان لە جگەرگۆشەکانیان لە پێناوی ئازادیدا بەخت کردوە و «لبیک»یان بە بانگەوازی حەق گوتوە. زۆرجارمان دایک و بابی دوو، یان سێ پێشمەرگەی شەهید دیتوون کە کاتێک هاوسەنگەرانی جگەرگۆشە شەهیدەکانیان گریاون، ئەمان دڵخۆشی‌یان داونەوە و گوتوویانە شوکرانە بەسەری ئێوە، ئێوەش هەموو ڕۆڵە و جگەرگۆشەی ئێمەن، مادام ڕێگای ئەوانتان گرتوە و درێژەی دەدەن.

بە دەیان هەزار ئیسماعیلیشمان لە نێو کوڕو کچەکانی کورددا دیوە کە سەربەرزانەو سەرمەستانە بە پیلی مەرگ لە پێناوی ئازایدا ڕۆیشتوون و وەک ئیسماعیلیش لە قوربانگا بە زیندوویی نەگەڕاونەوە. کەچی لە جێگای هەریەک لەو قوربانی‌یانەی ڕێگای هەق و عەداڵەت، چەندین لاوی کورد ئامادەی گیان‌بەخشین لە پێناوی تەواوکردنی ئەرکە خەباتگێڕانەکەیان‌دا بوون و هەرگیز ترسی مەرگ ڕێگای پێ چۆل و جێگای پێ بەتاڵ نەکردوون.

بەڕاست نەتەوەی کورد هەقیەتی بەو هەموو ئیبراهیم و هاجەر و ئیسماعیلە بنازێ کە بە دڵفرەوانییەوە بانگەوازی حەق و حەقیقەتیان بیستوە و عەزیزترین عەزیزانیان لەپێناویدا بەخشیوە. جێی خۆیەتی مافخۆرانی نەتەوەی کوردیش کڕنۆش بۆ ئەو بڕوا بەهێزەی دایکان و باوکان و جگەرگۆشەکانی کورد بەرن و مل بۆ مافە سروشتییەکان و داخوازە ڕەواو ئینسانییەکانیان رابکێشن. بەڵام کوا ئەو ویژدانە بێدارە لە لای حاکمانێک کە دەسەڵات چاوی کوێر و گوێچکەی کەڕ کردوون.

لەگەڵ هەموو ئەمانە گەلێک خاوەنی ئەم ئیرادە پتەوە و ئەو ڕۆڵە بە ئیمانانە بێ سەرکەوتن و بە ئاوات گەیشتنی مسۆگەرە و ئەو ڕۆژە هەر دێ کە خۆری هیوای کورد لە کەل دەردێ و زۆرداران و مافخۆران وەک هەموو دیکتاتۆرە دژی‌گەلییەکانیان لێ بەسەردێ.

جێی خۆیەتی لە ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕۆژەکانی دواتردا کۆمەڵانی بە ئەمەگ و بەشەرەفی خەڵکی کوردستان لە یادی ئەو هەزاران هەزار ئیبراهیم و هاجەر و ئیسماعیلە غافڵ نەبن و بە سەردانی گڵکۆی پیرۆزی شەهیدەکان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و خەباتگێڕان وەفاو ئەمەگناسیی خۆیان بەوان و بە دۆست و دوژمن نیشان بدەن.

**دووبارە جەژنی قوربان پیرۆز**
**سڵاو لە قوربانیانی ڕێگای حەق و عەداڵەت**
**سەربەرزی بۆ بنەماڵەی شەهیدان و تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگاری**

## دیداری سکرتیری گشتیی حدک
## لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە پێشوازی لێ کرا.

نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا رایگەیاند کە ڕۆژی دووشەممە، ٢ی خەزەڵوەر (٢٤ی ئۆکتوبر) بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕات بە هاوڕێیەتیی کاک مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەگەڵ کاربەدەستانی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کۆ بوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و ئێران و کوردستان تاوتوێ کران. لەو دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتی بریتانیا بەتایبەتی، دەبێ تێ بکۆشن زۆرتر فشار بخەنە سەر ئێران، بۆ ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناچار بە ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ بکەن و هەروەها ئیجازە نەدەن کە ڕێژیمی ئێران بە پێچەوانەی هەموو یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان درێژە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بدا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا تیشک خرایە سەر بارودۆخی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرنجدان بەو راستیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی ڕۆژانە بە دەست سیاسەتی هەڵاواردن و ئەمنیەتی کوماری ئیسلامییەوە دەناڵێنێ و دەچەوسێتەوە.

هەیئەتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاش تێبینی و نوختە نەزەرەکانی ئەو دانیشتنەیان بەرز نرخاندو لە زۆر بارەوە نیزیکیی تەواو لە راوبۆچوونەکانی دوو لایەندا دەبینرا.

## وەرگیرانی فەلەستین وەک ئەندامی هەمیشەیی یۆنسکۆ




**فەلەستین وەک ئەندامی هەمیشەیی و تەواو وەختی یۆنسکۆ قبووڵ کرا.**

ئەندامانی ڕێکخراوی پەروەردە، زانست و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ)، لە دانیشتنی ڕۆژی دووشەممە ٣١ی ئۆکتۆبری خۆیان دا لە «پاریس» دەنگیان بە ئەندامەتیی تەواو مافی فەلەستین لەم ڕێکخراوەیە دا.

لەو دەنگدانەدا ١٠٧ وڵات بۆ ئەندام بوونی تەواوی فەلەستین دەنگی « ئەرێ» یان دا و ١٤ وڵات دەنگی « نا» و ٥٢ وڵاتیش بێ‌لایەن بوون.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو وڵاتانی عەڕەبی و ئامریکای لاتین و ئافریقا و ئاسیا، بە قازانجی فەلەستین دەنگیان دا و فەرانسەش بە پێچەوانەی هەڵوێستەکانی پێشووی، دەنگی ئەرێنیی بە ئەندامەتیی فەلەستین دا.

فەلەستین پێشتر وەک ئەندامی چاودێر لە یۆنسکۆ بەشدار بوو، ئەم وەرگیرانی ئەم وڵاتە وەک ئەندامێکی تەواو لە ناوەندە جیهانییەکاندا، بەشێک لە چالاکییەکانی دەسەڵاتی فەلەستینە بۆ ئەوەی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدابنرێ.

ئیسرائیل دژی ئەم هەوڵەیە و ئامریکاش ئەم هەنگاوەی فەلەستینی بە هەنگاوێکی نێگەتیڤ لەقەڵەم داوە.

بە دوای بە ئەندام وەرگیرانی فەلەستین لە یۆنسکۆدا، ئەمەریکا بودجەی خۆی بۆ ئەم ڕێکخراوە بڕی کە ساڵانە ٧٠ ملیۆن دۆلارە و سەدا ٢٠ ی بودجەی یۆنسکۆ پێک دێنێ.

مەحموود عەبباس، سەرۆکی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین کە ماوەی ٣٦ ساڵە وەک ئەندامی چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانە، بە رەسمی داوای کردوە وڵاتەکەی وەک ئەندامی تەواوی نەتەوە یەکگرتووەکان بناسرێ.

## دانیشتنێکی هاوبەش لە نێوان رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا



پێشنیوەڕۆی شەممە ١٤ی خەزەڵوەر(٥ی نوامبر)، هەیئەتێکی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری گشتی وبە یاوەریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و ژمارەیەک لە ئەندامانی رێبەریی حیزب، سەردانی بنکەی ناوەندیی کۆمەڵەی ەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد. هەیئەتی میوان لە لایەن هەیئەتێک لە رێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە سەرۆکایەتیی کاک رەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەی هاوبەشدا، هەر دوو هەیئەت، کۆمەڵێک پرسی سیاسیی گرنگی کوردستان، ئێران و ناوچەیان هێنایە بەرباس و لێکدانەوە و بۆچوونی خۆیان لە بارەیانەوە، گۆڕییەوە. تازەترین رووداو و ئاڵوگۆڕەکان لە کوردستان، گرژیی تازە لە پێوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی رۆژاوا و ئەگەرە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئێران، دوورە دیمەنی هەڵبژاردنی داهاتووی مەجلیس لە کۆماری ئیسلامیدا و ئەرکی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرنگترینی ئەو پرسانە بوون کە لەم دانیشتنە هاوبەشەدا، قسەیان لە سەر کرا . بە پێی لێکدانەوەی هەر دوو لا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە پێی سروشتی دیکتاتۆرانە و توتالیتارانە و نەگونجانی لە گەڵ سەردەم، لە هەر دوو ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا، لە داهاتوودا پتر بەرەورووی نارەزایەتی و ململانێ و گوشار دەبێتەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نەتەوەی کورد و هێز و لایەنە سیاسییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەموو حاڵەتێکدا، دەبێ بە یەکگرتوویی و بەرنامە و هەنگاوی هاوبەشەوە، بەرەوڕووی ئاڵوگۆڕەکان ببنەوە بۆ ئەوەی بتوانن شوێنی خۆیان لە سەر ئاڵوگۆڕەکان دابنێن.

## دیداری هەیئەتێکی حدک لە گەڵ پارتی سەربەستیی کوردستان

کوردستان و کورد نیوز: لە دانیشتنێکی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی سەربەستیی کوردستاندا دوایین رووداوەکانی کوردستان تاوتوێ کرا.

دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، ٢ ی خەزەڵوەر هەیئەتیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەڕێزان برایم زێوەیی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر، ئێقباڵ سەفەری و خەدیجە مەعزوور ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حدک سەرانی بنکەی پێوەندییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبە بە سەرپەرستیی بەڕێز عارف باوەجانی پێشوازییان لی کرا.

لەو دیدارەدا کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە دۆزی گەلی کورد و داهاتوی رۆژهەڵاتی کوردستان و پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد و کوردستان باس لێکدانەوەیان لەسەر کرا.

## کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی بەوجی حیزبی دێموکراتی کوردستان



رۆژی یەکشەممە،٨ ی خەزەڵوەر تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕات کاک برایم تاهیری، ناسراو بە برایمی پوور زینەت لە تەمەنی ٥٦ سالیدا لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کرد.

ئیبراهیم تاهیری کوڕی سۆفی ئەحمەد ساڵی ١٣٣٤ی لە گوندی بناویلێ سەر بە رەبەت لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و گەلدۆست دا لە دایک بوو و ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە رەسمی ریزەکانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی هەڵ بژارد.

کاک برایم زۆر زوو جێگای خۆی لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کردەوە و پلە نیزامی و تەشکیلاتییەکانی حیزبی یەک لە دوای یەک بڕی و ساڵی ١٣٧١ ئەرکی فەرماندەری لکی لە هێزی ئەربابا پێ سپێردرا.

ناوبرا لە ماوەی نیزیک بە ٢٠ ساڵ پێشمەرگایەتیدا هەموو ئەو ئەرکانەی کە حیزبەکەی پێی دەسپارد، بەوپەڕی لێهاتویەوە ئەنجامی دەدان و ماوەی ٩ ساڵ بوو کە وەک پەنابەر لە وڵاتی نۆرویژ دەژیا و وەک ئەندامی حیزبی دێموکڕات درێژەی بە ژیان و تێکۆشانی خۆی دەدا.

کاک ئیبراهیم نیزیک بە دوو ساڵ لەوە پێش تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە هات و دوای ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانێ لە گەڵ ئەو نەخۆشییە، رۆژی یەکشەممە،٨ی خەزەڵوەر کۆچی دوایی کرد.

**«کوردستان» بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری هاوڕێ کاک برایمی پوور زینەت دەکا و خۆی بە شەریکی خەمی بنەماڵەی بەڕێزیان دەزانێ.**

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە فنلاند بۆ باس لە سەر پرسی ژنانی کورد



یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی فنلاند سمینارێکی بۆ خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هێنا.

ئەو سمینارە کە رۆژی شەممە٧ی خەزەڵوەر لە شاری تورکۆی وڵاتی فینلاند و بەبەشداریی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لەو وڵاتە بەڕێوە چوو، دوو بەشی لەخو گرتبوو.

بەشی یەکەمی سمینارەکە بۆ چەندین باس و تەوەری گرینگی وەک باسێک لەسەر کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان تەرخان کرابوو کە لە مانگی گەلاوێژدا گیرا و هەروەها باس لەسەر پلاتفۆرمی هاوبەشی ژنانی کورد و باس لە سەر چالاکتر کردنی ژنانی کورد لە تاراوگە کرا.

ئەو باس و تەوەرانە بەپرسیار و تێبینیی بەشداران و بە شیکردنەوەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی کۆتایی پێ هات.

## تەرمی هاوڕێ هیوا محەممەدی لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاک سپێردرا



تەرمی هاوڕێ هیوا محەممەدی پاش گەیشتنەوەی بە کوردستان لە لەسەر شانی هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خاک سپێردرا.

پێشنیوڕۆی رۆژی هەینی، ١٣ی خەزەڵوەر، تەرمی هیوا محەممەدی پێشمەرگەی پێشوو و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای هینانەوەی لە وڵاتی سویسەوە بۆ کوردستان، لە گۆرستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات و بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی حیزب بە خاک ئەسپێردرا. هەر بەم بۆنەوە پێشنیوەرۆی هەمان رۆژ لە یەکیک لە سالۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان، رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی ناوبراو بەرێوەچوو.

لەم رێورەسمەدا بەرێز کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەریی سیاسیی حیزبی بەم بۆنەیەوە پێشکەش بە بنەماڵەی کۆچکردوو و سەرجەم هاوسەنگەرانی و خەلکی سەقز کرد.

هەر لەم پێوەندییەدا کاک عومەر باڵەکی لە پەیامەکەدا سپاسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وڵاتی سویس کرد کە لەو ماوەیەدا بە بۆنەی مەرگی هیوا محەممەدی و ناردنەوەی تەرمەکەی بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان ئەرکێکی زۆریان کێشاوە.

جیی وەبیر هێنانەوەیە کە رۆژی چوارشەممەی حەتووی رابردوو، ٤ ی خەزەڵوەر تەرمی بێ گیانی هیوا محەممەدی لە ماڵەکەی خۆیدا لە وڵاتی سویس دوزرایەوە.

هیوا عەلی محەممەدی ماوەی ٨ سال لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خزمەتی کرد. ناوبراو سێ ساڵ لەمەو پێش ژیانی هەندەرانی هەڵ بژارد و لە وڵاتی سویس گیرسایەوە و هەر لەو وڵاتە بە هەماهەنگی لە گەڵ کۆمیتەی حیزب وەک ئەندام چالاکانە ئەرگەکانی خۆی بەرێوە دەبرد.

**«کوردستان» بە بۆنەی کۆچی دوایی لاوی دلسۆز و نیشتمانپەروەر و رۆڵەی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی و سەرجەم دۆستان و هاورێیانی دەکا.**

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە کۆبوونەوەی « راوێژی نەتەوەیی›› لە بروکسێل دا

رۆژانی ٢٢ و ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١١ ( بەرابەر لەگەڵ ٣٠ رەزبەر و یەکی خەڵوەر) کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە بروکسێل کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی بۆ نوێنەری حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان و رووناکبیرانی کورد لە بروکسێل پێک هێنا.





هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان جەلیل گادانی و کاوە ئاهەنگەری بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیان کرد.

لە دوو رۆژی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک بابەتی گرینگ لە لایەن بەشداران هاتنە بەر باس و لێکدانەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن نوێنەرانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەشدارەوە وەک هەنگاوێکی باش و ئەرێنی هەڵسەنگێندرا و بەشدارانی کۆبوونەوەی « راوێژی نەتەوەیی›› تەئکیدیان لەسەر دووبارە کردنەوەی ئەم دیالۆگ و دانیشتنانە کرد.

شایانی باسە کە هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە گەرمی بەشدارییان لە باسەکانی ئەو کۆبوونەوانەدا کرد و ڕاو و بۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە سەر مەسەلە باسکراوەکان خستەڕوو. لە کۆتایی کۆبوونەوەی « راوێژی نەتەوەیی»دا بەشداران بڕیارنامەیەکیان لە ٢٢ خاڵدا پەسند کرد.

### سکرتێری گشتیی حیزب لە سمینارێکدا لە ئاڵمان:

# خەڵکی ئێران پەیامی گۆڕانەکانی ناوچەیان وەرگرتوە و چاوەڕوانی دەرفەتن

رۆژی یەکشەممە، ٨ ی خەزەڵوەر کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان، سمینارێکی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حێزبی دیمۆکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبە کوردستانی و کەسایەتییە سیاسی و رووناکبیرەکانی کوردی نیشتەجێی وڵاتی ئالمان و دەیان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتە بەڕێوە چوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، کاک خالید عەزیزی لە چوارچێوەی سیاست و بیروبۆچوونی حیزب دا کۆمەڵێک باسی تایبەت بە دوایین ئاڵۆگۆڕەکانی ناوچەکە و پێشهاتە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانی لە گەڵ بەشدارانی ئەم سمینارەدا هێنایە گۆڕێ.

لە سەرەتای باسەکەی دا کاک خالید عەزیزی بە ئاماژەدان بە ناوەڕۆکی سەرهەڵدانە گۆڕانخوازەکانی وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئافریقا، وتی کە خەباتی گەلانی دیکتاتۆر لێدراو کە داخوازییەکانیان لە سەر بنەمای رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ و رێز گرتن لە مافی گەلان بنیات نراوە لە درێژخایەن دا ئاکامی دڵخوازی لێ دەکەوێتەوە.

بەڕێزی لە درێژەی قسەکانی دا باسی لە رۆڵ و کاریگەریی کۆمەڵگەی نێونەتەویی لە سەرخستنی شۆڕشەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی باکووری ئەفریقا و عەرەبی دا کردو ئاماژەی بەو راستییە مێژوویە دا کە لە دونیای دوو جەمسەری دا بەرژەوەندییەکانی مسکۆو واشنگتۆن لە سەرووی داخوازیی گەلانەوە بوو و وتی: بە پێچەوانەی قۆناغی شەڕی سارد و کایەکانی نێوان دوو جەمسەری واشنگتۆن و مسکۆ، ئەمڕۆکە گەلانی رزگاریخواز دەتوانن بە پشتیوانیی کۆمەڵگای نێونەتەویی گەورەترین دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن و گۆڕانی بنچینەیی لە وڵاتەکانیان دا پێک بێنن.

لە پێوەندی لە گەڵ دابینکردنی مافی گەلانی چەوساوە لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراودا بە پشتیوانیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رۆڵی تێکنۆلۆژی و کەرەستەکانی پێوەندی گرتنی بەرز نرخاندو وتی: پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی و وەسایلی ئێرتباتات هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی چیدیکە دەوڵەتان نەتوانن چاوپۆشی لە مافی نەتەوەکان بکەن و داخوازییەکانیان پشت گوێ بخەن.

لە درێژەی قسەکانی داو هەر لە پێوەندی لە گەڵ رۆڵی وڵاتانی زلهێزو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا کاک خالید عەزیزی رۆڵی وڵاتانی لە خێرایی بەخشین بە لە نێوچوونی دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی ئەفغانستان، عێراق، تونس و لیبی دا بەرز نرخاند و ئەم جۆرە یارمەتیانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە گەلانی ژێر دەستەی بە قازانجی دابینکردنی مافی گەلان و پەرەپێدان بە دێموکراسیی وەسف کرد کە میللەتانی دیکەش دەتوانن بە پشت بەستن بە ئیرادەی خۆیان بۆ وڵاتەکەیان کەڵکی لێوەرگرن.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمیناره دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر خوێندنەوەی حیزبەکەی دا بۆ ئاڵۆگۆرە بنچینەییەکانی ئەم دوایانەی ناوچەکە، پڕژایە سەر بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و رایگەیاند کە چارەنووسی کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەدەر لە دیکتاتۆرە رووخاوەکان نابێ .

بەرێزی لەم پێوەندییەدا وتی: لە گەڵ ئەوەی کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە رێبەر و سەرۆکۆمارەوە وا نیشان دەدەن کە پشتیوانی لە خەڵکی وڵاتانی وەک میسرو لیبی دەکەن و بە رووخانی حوسنی مبارەک و قەزافی خۆشحاڵن، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نیە کە بۆ خەڵکی ئێران دیکتاتۆرن و چارەنووسیان هەر وەک دیکتاتۆرەکانی لێ بەسەر دێت.

کاک خالید عەزیزی وتی: لە گەڵ ئەوەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ بە قەیرانخوڵقێنی لە ناوخۆی ئێران و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بیروڕای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە لارێدا بەرێ و کەیسی جۆراوجۆری ئەمنییەتی بکاتەوە و بە تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان مەزڵوومنمایی بنوێنێ، بەلام، ئەم رێژیمە رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر تەریک دەکەوێتەوە و گومانی زیاتری لە سەر ساز دەبێ.

لەم پێوەندییەدا بەڕێزی بە باسکردن لە سەر هەڵسوکەوتی هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیم و بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان و هەروەها گومانی کۆمەڵگای نیونەتەوەیی لە پەروەندەی هەستەیی رێژیم، وتی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا بۆ نەتەوەکانی ئێران سیستمێکی مەقبوول نیە ، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوییش دا وەک دەسەڵاتێکی خۆ رێکنەخەرو ئاژاوەگێر سەیری دەکرێ.

بەرێز سکرتێری حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەی لەم سمیناره دا باسی لە جۆری دەسەڵاتی داهاتووی ئەو وڵاتانە کرد کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو دا بەرەو رووی شۆرشی خەڵکەکەیان بوونەتەوەو دەسەڵاتی دیکتاتۆری تێیاندا کۆتایی پێ هاتوە. بەریزیان بە پێچەوانەی ئیدیعای رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێیان وایە لەم وڵاتانەدا رابوونێکی ئیسلامی رووی داوەو خەڵکی ئەو وڵاتانە دەسەڵاتی ئیسلامیی لە جۆری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەمەزرێنن، پێی وایە کە سیستمی داهاتووی ئەم وڵاتانە جۆرێک لە دەسەڵاتی مەزهەبیی میانەڕەو تیایدا



پەیرەو دەکرێ کە مەجال بە هەموو پیکهاتە سیاسی و مەزهەبییەکان دەدات کە وڵاتەکەیان لە سەر بنەمای پێکەوە هەڵکردن بنیات بنێنەوە.

«داهاتووی ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و شەپۆلی گۆرانکارییەکان و رەوتی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرەکان»، تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گستیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. لەم بەشە لە قسەکانی دا بەرێزیان بە ئاماژەدان بە پشتیوانیی رێژیمی تاران لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی بەشار ئەسەد لە سووریە و کردنەوەی چەند دۆسییەیەکی قەیرانخولقینی وەک بوردمانکردنی ناوچە سنوورەییەکانی هەیمی کوردستان،وتی: رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە جۆرێ خۆ لە لە ژێر تەوژمی شەپۆلی گۆڕانکارییەکان و بە تایبەت رەوتی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرەکان رزگار بکات. بەڵام ئەوە کارێکی محاڵە و خەڵکی ئێران پەیامی گۆرانەکانیان وەرگرتوەو چاوەڕوانی دەرفەتن.

لەم بەشە لە قسەکانی دا کاک خالید بە ئاماژەدان بە سەرهەڵدانی خەڵکی سووریە دژ بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، وێڕای بەرز نرخاندنی رۆڵی خەڵکی رۆژاوای کوردستان لەم سەرهەڵدانانەدا، وتی : ئاڵوگۆڕ لە سووریە دەتوانێ خێرایی بە گۆڕان لە ئێرانیش ببەخشێت و سەرنجەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی چرتر ببنەوە کە بێگومان لە قازانجی نەتەوەکانی ئێرانە.

داهاتووی چارەنووسی خەباتی خەڵکی ئێران و چۆنیەتی درووستکردنەوەی ئێران لە داهاتووداو هەروەها شوێن و پیگەی کورد لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا دوای کۆماری ئیسلامی، یەکێک لە باسە ئەساسییەکانی بەرێز کاک خالید عەزیزی لەم سمینارەدا بوو. بەرێزیان لەم بەشە لە باسەکەیدا بە ئاماژەدان بە شۆرشی خەڵکی ئێران لە سالی ١٣٥٧ی هەتاویدا وتی: ئێمە وەک کورد لە شۆرشی ساڵی ٥٧ دا دژ بە رێژیمی پاشایەتی موبارزەمان کرد بەڵام زۆری نەکێشا سەرکوت کراین و تا ئێستاش ئەم سەرکوتە هەروا بەردەوامە. کەوابوو کێشەی ئێمە تەنیا بە ئینقلاب کردن چارەسەر ناکرێ. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆرێک دا لە ئێران شوێن و پیگەمان چی لیدێ و چۆن دەبێ؟

کاک خالید عەزیزی هەر لەم پێوەندییەدا وتی: ئێمە هەم وەک حیزبی دێموکرات و هەم وەک کورد بە نیگەرانییەوە دەڕوانینە داهاتووی ئێران. ئیمە ئەگەر لە لایەک بە ئاڵوگۆڕکانی ناوچە دلخۆشین، بەڵام بە وەزعیەتی خۆمان وەک کوردو هێزە سیاسییەکان نیگەرانین. ئەگەر ئێمە تەعامول و پێوەندیمان لە گەڵ یەکتر باش نەبێ لە داهاتووی ئێران و لە تاران دا چۆن دەتوانین شوێن و پیگەی خۆمان بچەسپینین. یەکریزی و پێکەوە کارکردنمان، قورسایی کورد لە تاران و ناوەند دیاری دەکات.

لەم پێوەندییەدا سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان جارەیکی دیکە روو بە سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە نوینەرایەتی زۆربەی هەرەزۆریان لە سمینارەکەدا بەشدار بوون ئامادەیی حیزبەکەی بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردوە. بەرێزیان لەم پێوەندییەدا بە ئاماژەدان بە بڕیارنامەیەکی دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوایین پلینۆمی خۆی دا جارێکی دیکە ئەو ئەرکەی خستۆتە سەر شانی خۆی کە بۆ ئاسایی کردنەوەی نێوان هێزو لایەنەکانی کوردستان هەوڵ بدات.

هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئێران و چۆنیەتی هەڵوێست گرتن لەم پێوەندییەدا تەورێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری حیزب، کاک خالید عەزیزی بوو کە لەم پێوەندییەدا وتی: ئێمە وەک هەمیشە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دا سەیری ئەو بابەتانە دەکەین. بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات نەفسی ئەوەیکە بە پەلە تەحریمی بکەین یا بە پەلە تەئیدی بکەین زۆر گرینگ نیە. بەلکوو ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە لە هەر دووی ئەم هەڵوێستەدا کورد لە ئێران چی دەست دەکەوێ، لە کوێ قەرار دەگرێ و چ مەوقعیەتێک بۆ خۆی دیاری دەکا. بۆیە ئێمە بە وردی خەریکی موتالعەی ئەو باسەین.

لە دوایین بەشی باسەکەی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتی تەعامول لە گەڵ هێزە ئێرانیەکان دا قسەی بۆ بەشداران کردو لەم پیوەندییەدا بە کورتی راو بۆچوونی حیزبەکەی بەم شێوەیە خستە روو: ناکرێ لە داهاتوودا قسە لە ئێرانێکی دێموکرات و یەکپارچە بکرێ بەڵام رۆڵ و پێگەو مافی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی تێدا لە بەر چاو نەگیرابێ. لە کۆتاییدا دەڵێم بۆ ئەوەی لە داهاتووی ئێران دا کورد رۆلی خۆی هەبێ پێویستە ریزەکانمان یەک بخەین.

شایانی باسە کە دوای باسەکەی کاک خالید عەزیزی، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئامادەبووان کە لە نوێنەرانی هێزولایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات پێک هاتبوون بەشدارییان لە باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کرد.

# پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ رێورەسمی بە خاکسپاردن وپرسەی هاوڕێی نەمر کاک برایم تاهیری



رۆژی ٤ی نوامبری ٢٠١١ لە رێورەسمێک دا کە نزیکەی ٢٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی نۆروێژ تێی دا بەشدار بوون، تەرمی تێکۆشەری بەنرخ کاک برایم تاهیری کە رۆژی ٧ی خەزەڵوەر کۆچی دوایی کردبوو، لە شاری درامێن بە خاک سپێردرا. لەم رێورەسمەدا ناسیاوان، دۆستان و هاوسەنگەرانی ئەو نەمرە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، پەیام و وتار و بیرەوەرییان لە بارەی خەبات و تێکۆشانی کاک برایم تاهیرییەوە پێشکەش کرد. کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامێکی بۆ ئەو رێورەسمە ناردبوو کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**بنەماڵەی دڵبەخەمی نەمر کاک برایم تاهیری !**

**بەشدارانی بەرێزی رێوەرسمی بە خاکسپاردن وپرسەی ئازیزی کۆچکردوومان !**

**خوشک و برایانی خۆشەویست !**

بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری بەوەجی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوڕێی خۆشەویست کاک برایم تاهیری(برایمی پوور زینەت)، جارێکی دیکە لە قووڵایی دڵمانەوە سەرخۆشیتان لێ دەکەین. بە پێویستیشی دەزانین لە لایەن خۆمان و رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان وسەرجەم کادرەکان، پێشمەرگەکان و بنەماڵە حیزبییەکان لە کوردستان، سوپاس وپێزانینی خۆمانتان پێ رابگەیەنین کە ئەوپەری دڵسۆزی وئەمەگناسیتان لە چەند رۆژی رابردوو دا، لە پێوەندی لە گەڵ کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرە بەنرخەدا لە خۆتان نیشان داوە.

هاوڕێ برایم تاهیری، ئەو تێکۆشەرە بە بیروباوەرەی دێموکرات بوو کە زیاتر لە سێ دەیە لە تەمەنی کورتی خۆی، وەک پێشمەرگەی ئازا، فەرماندەری لێهاتوو و کادری بە ئەزموون و ئەندامی بەوەفا لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا، بردەسەر. ئەو تەنانەت لەم دوو ساڵەی دوایەش دا کە بە داخەوە تووشی نەخۆشی ببوو، لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و لە دڵسۆزی نواندن بەرامبەر بە حیزبەکەی و خەباتی رەوای نەتەوەکەی، غافل نەبوو. ئەو هاودەردییەی لە دەرەوەی وڵات وبە تایبەتی لە وڵاتی نورویژ، هەروەها لە نێو تێکۆشەرانی دێموکرات لە کوردستان، بە بۆنەی مەرگی ئەو رۆڵە دلسۆزەی حیزبمان دیتوومانەو دەیبینین، لە جێگای خۆی دایە. کاک برایم شایانی ئەو رێزو خۆشەویستی و ئەمەگناسیەیە، چونکە چی لە توانای دا هەبوو، بە ئیخلاسەوە، پێشکەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان ونەتەوەکەی کرد.

جارێکی دیکە بۆ ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی و کەسوکاری خۆشەویستی کۆچکردوومان، سەبرو خۆراگری بە ئاوات دەخوازین. سوپاس و دەستخۆشی بۆ ئێوەش کە لە جیاتی ئێمەش ئەرکی بەڕێکردن و دوامالاوایی لەگەل ئەو هاورێیە بە جێ دێنن.

بەرز وبەرێز بێ یاد و ناوی رۆڵەی وەفاداری دێموکرات کاک برایم تاهیری،

سەربەرزی و شانازی بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەی،

بە هیوای ئەو رۆژەی کە نەتەوەکەمان شایەدی وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووەکانی کاک برایم تاهیری و سەرجەم رۆڵە تێکۆشەرەکانی دەبێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیونی کۆمەلایەتی**
**٢٠١١/١١/٤**

# بۆ ئاگاداری بەڕێز ئەحمەد شەهید و ستافەکەی لە شووڕای مافی مرۆڤ دا

عەلی بداغی

ڕۆژی ٢٣ ی ڕەزبەر، ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەویە یەکگرتووەکان بۆ ئێران یەکەم ڕاپۆرتی خۆی لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کردەوە، ڕاپۆرتێک کە کاردانەوەی جیاوازی هەم لە نێو چالاکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و هەم لە نێو کاربەدەستانی حکوومەتیی وڵاتان بە تایبەت لە ئێراندا لێ کەوتەوە.

دیارە هەر لەجێدا دیاریکردنی ڕێپۆرتێرێکی تایبەتی بۆ ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە، بە تایبەت دوای ئەوەی کە لە ساڵی ٨١ ی هەتاوییەوە و لەو کاتەوە کە بڕیارنامەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی نەهێنایەوە و کۆتایی بە مەئمورییەتی موریس کاپیتۆرن، سێهەمین ڕێپۆرتێری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ ئێران هات، هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ بوو؛ بەڵام یەکەمین ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید دوای بە ڕەسمی دەسبەکاربوونی لەو ئەرکەدا نەیتوانی چاوەڕوانییەکانی چاوەدێران و چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کۆمەڵگەی جیهانیدا وەدی بێنێ. وەک بڵێی ئەحمەد شەهید بۆ خۆشی هەستی بەوە کردبێ، هەر دوابەدوای بڵاو بوونەوەی ڕاپۆرتەکەی لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند کە بە هۆی کەمیی کات نەیتوانیوە ڕووماڵی هەموو پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بکا و تەنیا ویستوویەتی قامک لە سەر کۆمەڵە خاڵێکی گرینگی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دابنێ کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ناچار بە وەڵامدانەوە بکا. بەڵام بێ لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕەخنە و تێبینیانەی چاوەدێرانی مافی مرۆڤ لە سەر ئەو ڕاپۆرتە هەیانە و، بێ سەرنجدان بەو پاساوانەی ئەحمەد شەهید وەک کەمیی کات و نەبوونی دەرەتان و ئیمکانی سەفەر بۆ ئێران بۆ لاوازیی ڕاپۆرتەکەی هێناویەتەوە، ئێستا کە ئەحمەد شەهید دەبێ لە مانگی ڕەشەممەدا دووهەمین ڕاپۆرتی خۆی بڵاو بکاتەوە؛ خستنە بەرباسی چەند خاڵ بۆ بەرچاوڕوونیی بەڕێزیان گرینگە، بۆ ئەوەی دووهەمین ڕاپۆرتی پوختتر، وردتر و گشتیتر لە یەکەم ڕاپۆرتی بێتە دەرێ و چاوەڕوانیی چالاکان و چاوەدێرانی مافی مرۆڤ بێنێتە دی.

یەکەم شت پێویستە کە ئەحمەد شەهید و ستافەکەی سەرچاوەکانی زانیاری وەرگرتنیان لەوە بەرفراوانتر بکەن و زیاتر لەوە پشت بەو ئامار و بەڵگانە ببەستن کە لە لایەن گرووپ و ناوەندەکانی چالاکی مافی مرۆڤی ئێرانەوە بۆیان دەچێ و لەو نێوەشدا تێڕوانینی ناوەندگەرایانە لە پێناو « ملاحظات» سیاسی وەلا بنێن و زیاتر چاویان بە ڕووی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا بکەنەوە، ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی یەکەم دا کاڵ و کەم دیار بوو. سرووشتییە کە ئەگەر ئەحمەد شەهید بتوانێ سەردانی ئێران بکا، ئەوە بە سەرکەوتنێک بۆ ئەو لە کارەکەیدا دادەنرێ بەڵام با بەڕێزیان لەوە دڵنیا بێ کە ئەگەر بە فەرزی مەحاڵ ئێران ئیزنی ئەو سەردانەشی پێ بدا، دیسانەکەش هەموو چالاکییەکانی ناوبراو هەر لە ژێر کۆنتڕۆڵی کاربەدەستانی ئێراندا دەبێ و هیچ ئازادییەکی جموجۆڵ بۆ دیتنی کەسان و شوێنەکان بە دڵخوازی خۆی پێ نادرێ. ئەزموونی ئەوەش لە کۆیادی چالاکانی مافی مرۆڤدا ماوەتەوە کە کاتی خۆی گالیندۆپۆل، دووهەمین ڕێپۆرتێری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ توانیبووی لە دەیەی ٦٠ ی هەتاویدا سەردانی ئێرانیش بکا، بەڵام زۆربەی جینایەتە سامناکەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لەو کاتانەدا لە ئێران و کوردستان ڕوویان دا.

دووهەم شت وردبینیی زیاتر لە چەندایەتی و چۆنایەتیی بوارەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە لەو بارەوە ئاماژە بە چەند خاڵێک پێویستە. ئەحمەد شەهید لە ڕاپۆرتەکەی یەکەمیدا بە ئاماژە بە ئەژماری حوکمی ئێعدامە سیاسییەکان لە ئێران دەڵێ کە لە ساڵی بۆ بەشی جێبەجێ کردنی حوکمەکان نێردراوە و هەر کات و ساتێک لەوانەیە لە سێدارە بدرێن و لەو ١٧ کەسەش، ١٢ کەسیان کوردن.

هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش جێی خۆیەتی. ئەحمەد شەهید لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ کە لە ماوەی ١٠ مانگی ساڵی ٢٠١١ ی زایینیدا و تا ئەو کاتەی ڕاپۆرتەکەی نووسیوە، ٢٠٠ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون، لە حاڵێکدا هەر بە پێی ئاماری بڵاوکراوە لە خودی میدیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیدا ئەو ئەژمارە ٣٠٨ کەس بووە کە بە ناو و نیشانەوە ڕێکەوتی لە سێدارەدرانیان بڵاو کراوەتەوە. ئەوە جیا لەوەی کە گرووپ و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ناونیشانی ١٣٩ ئێعدامکراوی



**هەر لە ماوەی ئەو ١٠ مانگەی ساڵی ٢٠١١ کە بەڕێزیان زوومی لە سەر کردوە، لە کوردستان ٣٨٩ کەس بە تاوانی چالاکیی سیاسی، جیابیری و عەقیدەتی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و ٨٨ کەس لەو گیراوانە بە تۆمەتی « هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات» دادگایی و لە لایەن ناوەندە قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی لە ٦ مانگ زیندانەوە تا ٢٥ ساڵ زیندان و، شەش کەسیشیان حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە**

٢٠١١ ی زایینیدا ٣ چالاکی سیاسی و عەقیدەتی ئێعدام کراون و نە ناویان دێنێ و نە ئاماژە بە ڕەگەزیان دەکا؛ لە حالێکدا ژمارەی ئێعدامکراوانی سیاسی لە ماوەی ئەو ساڵدا لانیکەم ١١ کەس بووە کە حوسێن خزری و فەرهاد تارم، چالاکانی سیاسیی کورد دوو کەس لەو ئێعدامکراوانە بوون و عەلی سارمی، جەعفەر ئاقایی، زەهرا بەهرامی، محەمەد عەلی حاجی ئاقایی، شەهرام نارووئی، مەحموود بەراهویی، جەهانبەخش بەراهویی، عەزیز خاکزاد و زهوور ئەحمەد، نۆ کەسەکەی دیکە بوون کە بە بێ ئەوەی دەستیان بۆ هیچ کردەیەکی توندوتیژیش بردبێ، بە تاوانی جیابیری! و بەشداریی چالاکانەیان لە خۆپیشاندانەکانی دوای هەڵبژاردنەکان و ئەندامەتیی پێشوویان لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە سێدارە دران.

دیارە ئەحمەد شەهید لەوانەیە نەیزانیبێ کە هەر ئێستا ١٧ زیندانیی سیاسی لە ئێران حوکمی ئێعدامیان دیکەشیان ئاشکرا کردوە کە بە شێوەی نهێنی و ڕانەگەیەندراو لە سێدارە دراون و بەو پێیە، پێچەوانەی ئەوەی بەڕێز ئەحمەد شەهید باسی دەکا، ژمارەی ئێعدامکراوان لە ئێران تا کاتی نووسینی یەکەم ڕاپۆرتی بەڕێزیان نەک ٢٠٠ کەس، بەڵکوو ٤٤٧ کەس بووە.

جیا لەوەش و هەر لە پێوندی لەگەڵ سیاسەتی کوشت و کوشتاری کۆماری ئیسلامی سەرنجی بەڕێز ئەحمەد شەهید بۆ ڕاستییەکی دیکە لە کوردستان ڕادەکێشم. ئێستا کە بەڕێزیان ساڵی ٢٠١١ ی کردۆتە مەبنای دەرخستنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، هەر لە ماوەی ئەوساڵدا و تا ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕاپۆرتی بەڕێزیاندا هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنورییەکانی کوردستان ٦٣ کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردیان سەرەڕۆیانە بە زەبری چەکەکانیان کوشتوە و ٧١ کەسیشیان بریندار کردوە. تاوانی ئەو کەسانە ئەوە بووە کە بە هۆی بێکاری و بێدەرەتانی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق شمەک و کەلوپەل و پێداویستییەکانی خواردن و کەلوپەلی بێهداشتی و ئامێری ئەلەکترۆنیکیی وەک سەتەلایت و «ئێل سی دی» یان ئاودیوی ئێران کردوە، بەڵام بێ ئەوەی بگیرێن و لە ناوەندێکی قەزاییدا لێپرسینەوەیان لێ بکرێ، هەروا سەرەڕۆیانە دراونەتە بەر دەسرێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. دیارە بۆ ئاگاداریی بەڕێزیان کوشتاری سەرەڕۆیانەی کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد ڕەوتێکی بەردەوام و سیاسەتێکی چەسپاوی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کوردە کە بە شێوەی سیستماتیک لە کوردستان بەڕێوە دەچێ و هەوڵ دەدرێ لە نووسینێکی تایبەتدا بە وردی و بە ڕوونی ژمارەی کوژراوان و برینداران چەند ساڵی ڕابردوو لە کوردستان بەو هۆیەوە، بە ناو و نیشان و ڕۆژی کوژران و تەقە لێکران و بریندار بوونیان بۆ بەڕێزیان بنێردرێ، تا باشتر لایەنە جیاوازەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستانی لە لا ڕوون بێتەوە.

کوژرانی سانع ژاڵە و محەممەد موختاری، دوو خوێندکاری دیکەی کوردیش کە لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی ١٤ ی ژانوییەی ٢٠١١ لە تاران و لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە درانە بەر گوللە، لە جێی خۆی، کە بەڕێز ئەحمەد شەهید هەر نەپڕژاوەتە سەری و لای لێ نەکردۆتەوە و، ئەو نموونە زەقە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی لەبیر کردوە.

یەکێکی دیکە لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان لە ڕاپۆرتی یەکەمی ئەحمەد شەهیدیدا، بە تەوەر کردنی بارودۆخی چالاکانی سیاسی لە ئێرانە کە لەو نێوەدا تەنیا ئاماژە بە پێشێلکردنی مافەکانی سێ کەس، مووسەوی، کەڕووبی و تەبەرزەدی دەکا، کە ئەوەش لە جێدا، جێی لێ وردبوونەوە و کورتە شیکارییەکە.

ڕاستە کە بەڕێزان مووسەوی و کەڕووبی و تەبەرزەدی لە تاران دادەنیشن و ناوبانگی جیهانییان هەیە، بەڵام هەن کەسانێکی دیکە لە گیراوانی سیاسیی لە ئێران کە بە دەیان قات زیاتر لەو بەڕێزانە مافەکانیان پێشێل کراوە. هەر بۆ نموونە کەسانێکی وەک محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆک و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە تەنیا بە تاوانی! بەرگری لە مافی مرۆڤ لە ئێران و دامەزراندنی ڕێکخراوەیەک بۆ ئەو مەبەستە حوکمی ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە و لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا کە لە زیندانە، بۆ تاقە یەک دەقیقەش ئیزنی مەرەخەسی و چاوپێکەوتنی حزووری لە گەڵ بنەماڵەکەی پێ نەدراوە.

دیارە ئەگەرچی ئەحمەد شەهید لە ڕاپۆرتەکەی یەکەمی خۆیدا هیچ ئاماژەیەکی بە ژمارەی گیراوانی سیاسی لە ئێران نەکردوە، بەڵام بەڕێزیان ئاگادار دەکەینەوە کە هەر لە ماوەی ئەو ١٠ مانگەی ساڵی ٢٠١١ کە بەڕێزیان زوومی لە سەر کردوە، لە کوردستان ٣٨٩ کەس بە تاوانی چالاکیی سیاسی، جیابیری و عەقیدەتی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و ٨٨ کەس لەو گیراوانە بە تۆمەتی « هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات» دادگایی و لە لایەن ناوەندە قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی لە ٦ مانگ زیندانەوە تا ٢٥ ساڵ زیندان و، شەش کەسیشیان

ل ٦

# هاوەردی بە بۆنەی کارەساتێکی ئینسانی بە هۆی بوومەلەرزەوە لە باکووری کوردستان

بوومەلەرزەی نیوەڕۆی یەکشەممە لە باکووری کوردستان کە توندییەکەی ٧/٢ ریشتێر بوو، بووە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی ئینسانی لە شارەکانی ئەرجیش، وان و شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەردا.

ئەم بوومەلەرزەیە جگەلە پێکهێنانی وێرانییەکی زۆر، گیانی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچەی بوومەلەرزی لێدراوی ئەستاندوە. تا ئێستا تەرمی سەدان کەس لە قوربانییەکانی ئەم بوومەلەرزەیە، کۆ کراونەتەوەو ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەژێر بینایە و خانووە ڕووخاوەکان دا ماونەوە، هەربۆیەپێشبینی دەکرێ ژمارەی قوربانییەکان بگاتە نزیکەی هەزار کەس.

توندیی ئەم بوومەلەرزەیە بە ڕادەیەک بووە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ژمارەیەک لە شارو شارۆچکەکان وەک چالدران، خۆی، ماکۆ، سەڵماس و ورمێی گرتۆتەوە، هەروەها لە باشووری کوردستانیش شارەکانی دهۆک و زاخۆ و گوندەکانی دەوروبەر بە هۆی ئەم بوومەلەرزەیە هەژاون.

دیارە لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش، بوومەلەرزەکە وێرانی و زیانیماڵیی بە دواوە بووە و هەواڵێک لە خەساری گیانی لەو دوو بەشە، بڵاو نەبۆتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ئەم کارەساتەگەورە مرۆییە لە ئاکامی ڕوودانی بوومەلەرزە لە کوردستان و لە نێو نەتەوەی کورددا، هاودەردی و هاوخەمیی خۆی بە دانیشتووانی شارو گوندە بوومەلەرزە لێدراوەکان بەتایبەتی و بە سەرجەم خوشک و برایانمان لە باکووری کوردستان و نەتەوەی کوردبەگشتی ڕادەگەیەنێ.

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!

پێشگیری لە زۆرتربوونی ژمارەی قوربانییەکان و کەمکردنەوە لە ئازار و مەینەتی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە، لەگرەوی بە دەنگەوە هاتن و بەشداری لە هەڵمەتێکی نەتەوەیی بە مەبەستی فریاکەوتنی بوومەلەرزە لێدراون دایە. ئێستا کاتی ئەوەیە خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەو شارو ناوچانەی لە شوێنی کارەساتەکە نزیکترن، قۆڵی لێ هەڵماڵن و بۆ فریاکەوتنی خوشک و برا بوومەلەرزە لێدراوەکانیان، دەستوبرد بکەن. لە سەر کاربەدەستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و وڵاتی دراوسێیە کە کارهاسانی بکەن بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوەی کورد ئەرکی مرۆیی و نەتەوەی خۆیان لەم پێوندییە دا جێبەجێ بکەن و یارمەتییە ئینسانی و مادییەکانیان بگەیەننە لێقەوماوان.

جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسو کاری قوربانییەکان دەکەین و ڕزگار بوونی هەرچی زووتری لێقەوماوان و چاک بوونەوەی برینداران و ئازارپێگەیشتووان بە ئاوات دەخوازین.

هیوادارین دەوڵەتی تورکیە و نەتەوەی تورکیش ڕوودانی ئەم کارەساتە مرۆییەگەورە لە نێو نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان دا، وەک دەرفەتێک بۆ نیشاندانی هەرچی زیاتری نیازپاکی و ئەرکی هاونیشتمانەتیی خۆیان بە کار بێنن و نەک هەر گوشار و بەربەستەکانی پێشوو لە سەر خەڵکی کوردستان لابەرن، بەڵکوو بەپێکهێنانی کار هاسانی و وەرێخستنی هەڵمەتێکی گشتی لە ئاستی تورکیە دا بۆ فریاکەوتنی بوومەلەرزە لێدراوان و هاودەردی لەگەڵ خەڵکی باکووری کوردستان، لاپەڕەیەکی نوێ لەپێوەندیی دەوڵەتی تورکیە و نەتەوەی تورک لەگەڵ هاونیشتمانە کوردەکانیان هەڵ بدەنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٠/٨/٢**
**٢٠١١/١٠/٢٤**

# کوردەکانی قەزوین، لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی کوردی قەزوینی دا

**دیمانە: مەحموود شەریفی تایبەت بە ڕۆژنامەی «کوردستان»**

سووسەن محەممەد خانیی غەیاسوەند لە گوندی کوردنشینی شیرین سوو (زێدی دایکی) کە دەکەوێتە ٦٥ کیلۆمیتریی شاری قەزوین، لە دایک بووە. سێ ساڵ لە گوندی قزڵدەرە (زێدی باوکی و لە تەنیشت گوندی شیرین سوو) ژیاوە. خاتوو سووسەن لە ساڵی ١٣٧٧ەوە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی (حوزە هنری) پارێزگای قەزوین بە نووسینی چیرۆک، سیناریۆ و فیلمسازی دەستی کرد بە چالاکیی هونەری، کە تەنیا یەکێک لە کورتە چیرۆکەکانی لە بلاڤۆکی خۆی (ولایت)ی شاری قەزوین ئیزنی بڵاوکردنەوەی پێدرا. دوو فیلمنانەیەشی لە بانکی فیلمنامەی خانەی سینەمای ئێران تۆمار کرد. لە کێبەرکێی چیرۆکنووسی (حوزە هنری) پارێزگای قەزوین دا خەڵاتی یەکەمی بردەوە بەڵام دوای شەش مانگ پێی درا. لە لایەن بەڕێوەبەریی گشتیی هونەری حەوزەی هونەرییەوە گوشاریان هێنابوو بۆ داوەرانی کێبەرکێ کە بە بیانووی بەزاندنی هێڵی سوور و پڕوپاگەندە بۆ هومۆسێکسوێلی چیرۆکەکەی لە کێبەرکێ دەرهاوێژن بەڵام هیچ کام لە داوەرەکان ئەو داواکارییەیان قبووڵ نەکرد.

خاتوو سووسەن تا ساڵی ١٣٨٤ لە شاری قەزوین هاوکاری بلاڤۆکەکانی «حدیث» و «طلوع»ی دەکرد، پاشان دەچێتە تاران و کار دەگەڵ بلاڤۆکی ئێران ئێکسپورتس دەکا. ئاخری ئۆخرییەکانی ساڵی ١٣٨٧ وەک هەواڵنێر کار بۆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەکا و هەر بەم هۆیەشەوە لە بلاڤۆکی پێشووتر دەردەکرێ. پاشان ئاڵۆزییەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری چەند ڕاپۆرتێک لەسەر خۆپێشاندانی خەڵکی تاران ئامادە دەکا و لە سایتەکانی وەک «کوردانە» دا بڵاوی دەکاتەوە. لە یەکێک لە خۆپێشاندانەکاندا دەکەوێتە بەر هێرشی مەئموورە ئەمنییەتییەکانەوە و بە توندی بریندار دەبێ کە دواتر ناچار تووشی نەشتەرگەری بوو. ناوبراو ڕاپۆرتێک لەسەر کوشتنی گەلی کورد لە ساڵی ٧٧ دا ئامادە دەکا و بڵاوی دەکاتەوە. خاتوو سووسەن لە سۆنگەی ئەم چالاکییانەی دا لە دادگاییەکی نادادپەروەرانە دا بە پڕوپاگەندە دژی تەناهی نەتەوەیی مەحکووم دەکرێ. ناوبراو پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد دەبێ دیسان بڕوبیانووی پێ دەگرن و بانگهێشتی ئیتلاعات دەکرێ. هاوینی ٨٩ بە هاوکاری ڕۆژنامەنووسی کوردی کرماشانی «ژیلا گلغبر» ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی برینداران و خەسار دیتووەکانی گوندی زەردەی کرماشان ئامادە دەکا کە شیمیایی لێ دروە.

ڕێژیم دەستی لێ هەڵناگرێ و لەسەر ڕاپۆرتێکی لە بارەی زیندانییەکی سیاسیی کوردەوە بڕیاری گرتنی دەردەچێ، کە بە ناچار دەبێ ئێران بەجێهێڵێ و ڕوو بکاتە باشووری کوردستان. ئێستاش هەوڵ دەدا بە نووسینی ڕاپۆرت لەسەر کوردە دوورخراوەکانی قەزوین سەرنجی میدیای کوردی بۆ ئەو بەشە دابڕاوە لە نیشتمان ڕابکێشێ.

ئێستاش دیمانەی تایبەتیی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەگەڵ خاتوو سووسەن لەسەر کوردەکانی قەزوین و... دەخوێننەوە.



**پ: کوردەکانی قەزوێن کەی و لە کام ناوچەی کوردستانەوە بۆ قەزوین کوچێندراون و مەبەست لەو کۆچە چی بووە؟**

**و:** کوردەکانی قەزوین لە قۆناخی مێژوویی جۆراوجۆر دا هێندراونەتە ئەم ناوچەیە کە لە کتێبە مێژووییەکاندا باس لەسەر زیاتر لە دوو قۆناخی کۆچاندن دەکرێ. سەردەمێک لە زەمانی سا عەبباسی سەفەوی دا کە شیمانە دەکرێ یەکەم گرووپ بووبن و هۆکارەکەشی دروستکردنی قەڵغانێکی بەرگری لە خێڵاتی کورد بوو بەرانبەر بە هێرش و دەستدرێژیی هێزە دەرەکییەکان و بە واتایەکی دیکە پاراستنی سنوورەکانی ئیمپراتۆریی شا عەبباس و حکوومەتەکەی لە لایەکی دیکەشەوە هەڵقەندنیان لە نیشتمان دەبووە هۆی لاواز بوونی کوردەکان کە لە ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەکەی دا هێز و دەسەڵاتیان گوایە شای نیگەران کردبوو. لە کتێبەکاندا باس لە هەڵقەندنی گرووپێکی دیکەی کورد کراوە کە لە زەمانی ڕەزا شا بە مەبەستی پێکهێنانی حکوومەتێکی کۆجێی (متمرکز) کە ڕاست دژی سیستمی فیدراڵییە بۆ ئەو ناوچەیە کوچێندراون. هێزە کوردەکانی سەر سنوور جۆرێک لە جۆران بە هەڕەشە بۆ سەر حکوومەتی کۆجێی ڕەزا خان دەژمێردران. بە لاواز کردنی هێزی کوردەکان لە سنوورەکان، ڕەزا خان ویستی ئەم ناوچانە بە (قشون)ی ناوەندی بپارێزێ. جان فوران لە کتێبی خۆڕاگریی لەرزۆک دا دەنووسێ: «چاکسازیی بنەڕەتیی ڕەزا خان، پێکهێنانی ئەرتەشێکی بەهێز بوو کە دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەموو شوێنێک جێبەجێ بکا».

لە پێوەندی دەگەڵ ئەوەی کە کوردەکانی قەزوین لە کام ناوچەی کوردستانەوە کۆچێندراون؛ دەبێ بڵێم ئەو کوردانە بە پێچەوانەی کوردە دوورخراوەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەهۆی ئەوەیکە لە خێڵ و عەشیرەتی جۆراوجۆر و زاراوە و مەزهەبی جۆراوجۆر پێک دێن و هەروەها لە قۆناخی مێژوویی جۆراوجۆر دا هێنراون ناتوانین بڵێین هەموویان لەم ناوچەیەی کوردستان بۆ وێنە کرماشان یا ئیلام یا لوڕستان یا سنەوە کۆچێنراون. دەبێ شوێنی نیشتەجێبوونی هەر خێڵێک لەم کوردانە بە جوێ باسی لێ بکرێ. بۆ وێنە تایفەکانی مافی و کاکەوەند بە زاراوەی هەورامی دەدوێن کە دەبێ لە لای سنە و کرماشانەوە هێنرابن کە لە شارە گرنگەکانی ئەم زاراوەیەش دەتوانین باس لە پاوە، نەوسوود، نودشە، بیارە و حەلەبجە بکەین.

یا تایفەی چگینی لە قەزوێن و ناوچەی تارمی خواروی قەزوین بە زاراوەی لوڕی دەدوێن کە دەبێ شوێنی سەرەتایان پارێزگای لوڕستان، شارستانی دورە، ناوچەی ویسیان بێ. چگینی یەکان جگە لە لوڕستان لە ئیلام، خوزستان، مەرکەزی، فارس و تەنانەت گیلانیش دەژین. یا بۆ وێنە غەیاسوەندەکانی قەزوین کە زیاتر بە زاراوەی لەکی دەدوێن، شوێنی نیشتەجێ بوونیان ئیلام و لوڕستان و کرماشانە. غەیاسوەندەکان لە پارێزگای ئیلام لە دەڕەشار، دێهلۆڕان، ئابدانان دەژین. لە پارێزگای لوڕستان لە خوڕەم ئاباد، دلدیر، نەهاوەند و پولدوختەرن. تایفە کوردەکانی دیکەی قەزوینیش هەر کام بەم جۆرەن.

**پ: دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە شیکارییەی بەڕێزتان لە ژێر ناوی «لە بارەی کوردەکانی قەزوین و تایفەی غەیاسوەند» بۆ یەکەم جار تا ڕادەیەکی زۆر سەرنجی میدیای کوردی بەرەو ئەم بەشە لە گەلی کورد ڕاکێشرا. دەتوانن باس لە هۆکارەکەی بکەن؟**

**و:** «از دل برود هر آنکس از دیده برفت». خەڵکی کۆچێندراوی کوردی قەزوینی ماوەی چەندین سەدەیە لە کوردستان نەمان. بۆیە لە بیر چوونەوە و کەس بەم شێوەیە پێیانی نەزانیوە. لە سەرەتای هەمان ڕاپۆتیشدا باسم لێ کردوە، کە باس لە کوردە دوورخراوەکان دەکرا، یەکسەر خوراسانمان بیر دەکەوتەوە. بەداخەوە خەڵکی کوردستان یا هەر بە کوردەکانی قەزوینی نەدەزانی یان ئەوەی زانیارییان لەسەریان کەم بوو. کوردەکانی خوراسان لە ڕێگەی ئەم کتێبانەی لەسەریان نووسراوە یا چالاکییەکانی خۆیان و یا ئەو ڕاگەیەندنانەی دەستیان پێی ڕاگەیشتوە توانیویانە باش خۆیان بناسێنن بۆیە لەبیر نەکراون، بەڵام بەداخەوە کوردەکانی قەزوین چونکە ئەم دەرفەتانەیان بۆ نەڕەخساوە لەبیر چوونەتەوە. ئێستاش دوای سەدەها دەڵێین ئێمەش هەین.

من ئەم دژ کردەوەیە و سەرنجی مێدیای کوردیم پێ شتێکی سروشتییە. هەر بۆ خۆتان ئەگەرئێستا بزانن لە شوێنێک خزمێکتان هەیە و تا ئێستا پێتان نەزانیوە چ دەکەن؟ پێتان خۆش نییە ئەم خزمە تازەیەتان ببینن؟ لە بارەیەوە بزانن؟ یا ئەوەی کێیە و لە کۆیە، ئەو ماوەیەی کە خەبەرتان لێی نەبووە چی بەسەر هاتوە؟ مێدیای کوردی ئەگەر بە هێندی نەگرتبان بەلامەوە سەیر دەبوو. تەنیا هیوادارم ئەم گرنگی پێدانە تەنیا لەنێو مێدیاکان دا قەتیس نەمێنێتەوە و هاوکاری و هاتوچۆی کوردەکانی قەزوین لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

**پ: بە پێی ڕاپۆرتەکەی بەڕێزتان کوردەکانی قەزوین لە بواری زاراوە و مەزهەبەوە جۆراوجۆرن. ئایا ئەم جۆراوجۆرییە نەبووەتە هۆی لێک دوورکەوتنەوەی ئەوان؟**

**و:** نا، تەواو بە پێچەوانە. کوردەکانی قەزوین دوای چەند سەدە هێشتاش پێوەندییان زۆر گەرموگوڕە. هێشتاش ڕێژەیەکی زۆری ژن و ژنخوازییان هەر دەباڵ یەکتری دایە. تا بۆیان بکرێ کەمتر کچ بە بێگانە دەدەن یان کچیان لێ دەخوازن. بەشێک لە کوردەکانی قەزین و بەتایبەت ناوچەی تارمی خواروو چوونەتە کەرەج و تاران، بەڵام هێشتاش ئەگەر کەسێکیان لێ بمرێ تێدەکۆشن تەرمەکەی بێننەوە زێدی خۆی و لە گۆڕستانی تایبەتی کوردەکان بینێژن. واتا بۆ پاراستنی شوناس و پێوەندییەکانیان کەڵک لە مێتۆدە هەرە نەریتییەکان وەردەگرن. دیارە پێشم وانییە ئەو کارەیان لە ڕووی ئاگاییەوە بێ، بەڵکوو زیاتر دژکردەوەیەکی وەک بڵێین خۆرسکییە. قەزوین نموونەیەکی بچووکی ئێرانە. شوێنی ڕووبەڕوو بوونەوەی کلتوور و زمانە جۆراوجۆرەکان. تۆ ئەگەر کوردێک و تورکێک و فارسێک و گیلەکێک ببەیە ئەمریکا و تەنانەت لە بواری مەزهەبیشەوە جیاواز بن هەوڵ دەدەن یەکتر ببیننەوە و لێک نزیک بنەوە. ئەوە تایبەتمەندیی ژیانی غەریبایەتییە. کوردی قەزوینیش دەباڵ تورک، قەزوینیی ڕەسەن، ئەلموتی، شومالی و.... هتد دان، کەوتنە پاڵ زمان و کولتووری جیاوازی دیکە و ئەویش دوور لە نیشتمان جۆرێک هەستی غەریبایەتیی تێدا پێک هێناون بۆیە هەوڵ دەدەن بە هاموشۆی یەکتری بە جۆرێک هێندێک لەم غەریبایەتییە کەم بکەنەوە کە ڕاست ئەم جۆراوجۆرییە بە پێچەوانە ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد سەرەڕای جیاوازیی زاراوە و مەزهەب بۆتە هۆی لێک نزیک بوونەوەیان.

**پ: هەست و ئینتیمای کوردەکانی قەزوین بە نیشتمان، واتا کوردستان و بە گشتی بە کلتوور و شوناسی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**و:** بە بڕوای من ئینتیمای کوردەکانی قەزوین بە کوردستان زۆر زۆرە. کوردەکانی قەزوین کە کوردێکی کرماشانی یا سنەیی دەبینن پێی خۆشحاڵ دەبن. دەگەڵ بڵاوکردنەوەی فیلم یا گۆرانییەکی کوردی لە تیڤی یا وێنەی کوردستان زۆر ئاسان دەکرێ خۆشحاڵی بە نێوچاوانیانەوە ببینین. هێشتاش سەردانی سەیرانگەکانی سنە و کرماشان دەکەن. هێشتاش ڕێوڕەسمەکانیان بە گۆرانی کوردی و دەنگی پڕ جۆشی گۆرانیبێژە کوردەکان بەڕێوە دەبەن. کوردەکانی قەزوین لە یەک ناوچەی دیاریکراو نیشتەجێ نین. بەشێکیان لە ناوچەی تارمی خواروون. بەشێکیان لە نێوان قەزوین و ئابێک لە دەشتی بوئین زەهرا دا نیشتەجێن. بەشێکیشیان لە شاری قەزوینن. بۆیە هەستی سەر بە کولتوور و شوناسی کورد بوونیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکان جیاوازە. بۆ وێنە کوردەکانی جەلیلوەندمان هەن لە قەزوین کە دەگەڵ تورک تێکەڵن و زمانیان گۆڕاوە. بەڵام لەم لایەشەوە کوردمان هەیە هێشتاش جلکی کوردی لەبەر دەکەن. بەڵام هەشمانە ئێستا نازانن جلوبەرگی ناوچەی خۆیان چۆنیشە. کوردەکانی قەزوین تا ئەو جێیەی دەگەڵ زمانە باوەکانی قەزوین یا فەرهەنگەکانی دیکەی ئەو شارە دوور بوون و خۆیان پاراستوە و کەمتر کاریگەرییان کراوەتە سەر، بەڵام سروشتییە تا ئەم پێکەوە ژیانە زیاتر بووە زیاتر کەوتوونەوە ژێر کاریگەرییەوە و کەمتر فەرهەنگ و شوناسی کوردیان بۆ گرنگ بووە.

بەو حاڵەشەوە ئێستا لە قەزوین کوردمان هەیە بە گۆڕینی ناوبانگی خۆی هەوڵ دەدا شوناسی کوردبوونی خۆی بشارێتەوە. کە ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی ئەو ئاسیمیلاسیۆنە فەرهەنگی و نیژادییە بێ کە کوردەکان لە قەزوین لە کاتی هاتنیان بۆ ئەو ناوچەیە بەهۆی سیاسییەوە ڕووبەڕووی بوونەتەوە. بە زمانی زگماکی نەیانخوێندووە، سەیرە بزانن کە زۆربەی کوردەکانی قەزوین تەنانەت ئەوانەی خوێندەوشیانە چونکە بە زمانی زگماکی نەیانخوێندوە لە لای کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە نەخوێندەوار دەژمێردرێن. دەی باشە ئەم جۆرە ڕووداوە ناخۆشانە سروشتییە کە ئەوان لە فەرهەنگی خۆیان نامۆ دەکا و بەرە بەرە زمانی زگماکی و فەرهەنگی خۆجێیی سووک دەکا بووە بە هۆی ئەوە کە بەرەی نوێ هەر لە ماڵەوە یان لە میوانییەکان بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن. واتا ئەگەر تا ئەمڕۆکە کورد لە قەزوین هەر چۆنێک بووە زمان و فەرهەنگی خۆی پاراستوە. ئێستا بەداخەوە کۆمەڵێک هۆکار بوونەتە هۆی ئەوەی کە کوردی قەزوین بۆ دوور کەوتنەوە لە زمان و شوناسی کوردبوونی خۆیان پێش یەکتر بکەون.

**پ: کوردەکانی قەزوین تا چ ڕادەیەک زانیاریان لەسەر خەباتی نەتەوەیی کورد هەیە؟ یا ئەوەی کە تەنیا بەشی ئیلیت و خوێندەواران شارەزای ئەم خەباتەن، چینەکانی خوارووی کۆمەڵگە لە چ ئاستێکدان؟**

**و:** ئەوەی ئێمە لە قەزوین لە کورد وێنامان دەکرد لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دەهۆڵ لێدان و هەڵپەڕکێ و گۆرانی وتن بوو. یا پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی وای لێکردووین پێمان وابوو کورد لە کوردستان خەریکی سەربڕینە. هیچمان لە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد و پرسی کورد نەدەزانی. هەر کەسەی دەهاتە کوردستان هەر شریت و سی دی گۆرانیی کوردی بە دیاری دێنایەوە. جیددی بوونی چالاکیی دامەزراوە مەدەنییەکان لە ئێران و بەشداریی چالاکانەی هێندێک لە هاوڕێ کوردەکان لەو دامەزراوانە دەرفەتێکی باش بوو کە چالاکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران ئاگاداری خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد ببنەوە و پرسی کوردیان بۆ ئاشنا بێ.

لە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری دا هێندێک لە چالاکە کوردەکانی قەزوینیش گیران کە لە لایەن میدیای کوردییەوە هەواڵەکانیان بڵاو کرانەوە و ئەمە بوو بەهۆی ئەوەیکە بەشێک لە کوردەکانی قەزوین بەرەو میدیای کوردی ڕاکێشرێن. لە لایەکی دیکەشەوە سانسۆری هەواڵی ڕووداوەکان لەنێوخۆ بوو بە هۆی ئەوەی کە خەڵک ڕوو لە میدیای دەرەوە بکا کە دیارە میدیای کورد زمان کەوتە بەر سەرنجی کوردەکانی قەزوین. ئەمڕۆ دەزانم کاناڵەکانی وەک کورد کاناڵ، ڕۆژهەڵات، نەورۆز، تیشک و ئاسۆسات و... ئەو کاناڵانەن کە ئەگەر کوردی قەزوین بۆیان بگیرێ گوێ لە بەرنامەکانیان بەتایبەت هەواڵەکانیان دەگرن. بەڵام شتێکی کە نابێ پشت گوێی بخەین ئەوەیە کە زمانی بەشێکی زۆری حەشیمەتی کوردی قەزوین دەگەڵ زمانی میدیای کوردی جیاوازە و بەو جۆرەی کە دەبێ لێی تێناگەن و لە لایەکی دیکەشەوە پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت دژی ڕەوت و لایەنە سیاسییەکانی کورد و خەباتیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک بەرەو ئاوەژوو لە ڕاستییەکان تێبگەیەنرێن. کە ئەمەش بە جێی ڕاکێشانی کوردەکان، دوورخستنەوەی ئەوانی لێدەکەوێتەوە. بێ گومان بۆ ڕاکێشانی کوردی قەزوین و دامەزراندنی پێوەندی، پێویستە مێدیای کوردی بەشێک لە بەرنامەکانی بە زاراوەی ئەوان بڵاو بکاتەوە و بەرنامەی بۆیان هەبێ. هەروەها دڵنیام ئێستا ئیدی کوردەکانی قەزوین دەزانن لە کوردستان چ باسە. جگە لە لێدان، هەڵپەڕکێ و گۆرانی، بەڵام هێشتاش بە دروستی نازانن هۆکاری ئەم هەموو ڕووداو و هەڵاهەڵایەی کوردستان چییە. ئەوان دەبێ لە ڕێگەی مێدیای کوردی و بە زاراوەی خۆیان مێژووی هاوچەرخی کورد و بزووتنەوەی کوردیان پێ بوترێتەوە.

**پ: دەگەڵ گەشەی چالاکیی خوێندکاریی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاکنی ئێراندا، لە زانکۆ نێونەتەوەیی ئیمام خومەینی قەزوینیش ئەنجومەنێکی خوێندکاری تایبەت بە خوێندکارانی کورد پێکهات. ئایا خوێندکارانی کوردی قەزوین ڕۆڵیان تێیدا هەبوو یا پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە بوو بەهۆی ئەوەی کوردەکانی قەزوین زیاتر دەگەڵ خەڵکی کوردستان ئاشنا بن؟**

**و:** دیارە من وەک خۆم زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر بوونی ئەم جۆرە ئەنجومەنە لە زانکۆی نێونەتەوەیی قەزوین نەبوو. ساڵێک دوای پێکهاتنی ئەم ئەنجومەنە، من تازە دەستم بە کاری ڕۆژنامەنووسی لە قەزوین کرد. بەڵام بەمجۆرە لە بەڕێز حەمید مافی، (یەکێک لە ڕۆژنامەنووسانی کوردی قەزوین کە ئەندامی ئەنجومەنیش بوو) باس دەکا، ئەنجومەنێک لە ژێر ناوی «ئەنجومەنی خوێندکارانی کورد زمان» لە زانکۆی نێونەتەوەیی ئیمام خومەینی شاری قەزوین لە لایەن خوێندکارە کوردەکانی دیکەوە پێکهاتوە کە تا ساڵی ٨٠ش چالاک بووە. مەبەست لە پێکهێنانیشی یەکخستنی خوێندکارانی کورد و پاراستنی فەرهەنگی خۆجێیی و نەتەوەیی بووە. چالاکییەکانیشیان زیاتر بەڕێوەبردنی کۆڕە شێعر و کۆنسێرتی موسیقای کوردی بوو. فیستیڤاڵێکیشیان بەڕێوە برد کە گوایە پێشوازی باشی لێ کراوە. لە زانکۆکانی دیکەش ئەندامیان وەرگرتوە. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە قەت خۆیان لە سیاسەت نەداوە

ل ٦

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئاکامەکانی

تەها رەحیمی

دوای نزیک بە ٩ ساڵ وادیارە شەڕی ئەمریکا لە عێراق کۆتایی پێ دێ و کۆشکی سپی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە داوە. باراک ئۆباما، هەینی ٢٨ ئۆکتوبەر رایگەیاند تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی خاکی عێراق بە جێ دێڵن.

ئەگەرچی ئەم بڕیارە لەم قۆناخەدا پرسیاری زۆر هەڵدەگرێ و پێویستی بە لێکدانەوەیەکی دوور و درێژ هەیە و لە توانای ئەم نووسینەدا نییە؛ بەڵام هەوڵ دەدەین لەم کورتە نووسینەدا ئاماژە بە دۆخی هەنووکەی عێراق و هێندێک لە ئاکامەکانی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکەین.

لە عێراقی دوای سەدام دا کە ململانێیەکان زیاتر لە سەر بنەمای بەرژەوەندی گرووپی و نەتەوەیی و ئایینی ساخ بوونەتەوە تا بەرژەوەندی نیشتمانیی سەراسەری، لە وەها هەلومەرجێک دا بڕیارە هێزەکانی ئەمریکا بە جێی بێڵن کە هێشتاش سیستمێکی سیاسی و ئیداری و... سەقامگیر نییە و هەڤرکێی هێزە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسەت لە سەر بەدەست هێنانی کورسیی زیاترە نەک ئیدارە و بەرەوپێشبردنی باشتری وڵات و دابین کردنی دیموکراسی و دادپەروەری. شوناسی سوننی و شیعە و کوردبوون لە سەرووی شوناسی عێراقی بوونەوەیە. هەر گرووپ و رەوتێکیش بە قازانجی خۆی گوشاری هێزە دەرەکییەکان بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق هان دەدا. بە کورتی هێشتاش ئەو ئامانجەی ئەمریکا و سەقامگیرکردنی دیموکراسی و بابەتی نەتەوەسازی لە عێراق ساوایە و دەکرێ بڵێین هەر نەهاتۆتە دی و تا هێشتاش قەیرانی حکوومەت و دەوڵەت لە بەغدا لە رێگەی گوشارە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکاوە بۆ لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بە شێوەی کاتی چارەسەر کراوە.

دەوڵەتی عێراق نە ئەرتەشێکی زۆر بەهێز و رێکوپێکی هەیە و نە بەم شێوەیەش توانای رووبەرووبوونەوەی ئاژاوە و بشێویی نێو شارەکانی هەیە کە تەقینەوەکان لەم ناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراق بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرن. جا چۆن دەتوانێ بەرهەڵستی هێزی دەرەکی ببێتەوە و پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆی بکا؟ بۆ وێنە ئێستاشی لەگەڵ دا بێ ئەوە بۆ چەند ساڵ دەچێ کە تورکیە سنوورەکانی باکووری وڵات دەبەزێنێ و بەم دواییانەش ئێران بە خەستی سنوورەکانی دەکوتێ و دەبەزێنێ، بەڵام حکوومەتی ناوەندی بە کردەوە هەنگاوێکی نەهاویشتوە، یان بڵێین توانای بەرپەچدانەوەی ئەم کردەوانەی نییە. هەر بۆیەشە تورکیە و ئێران زۆر رووهەڵماڵاوانە هەر جارەو بە بیانوویەک سنوورەکانی ئەم وڵاتە دەبەزێنن.

بەڵام ئەوە دوای کشانەوەی ئەمریکایە کە رۆژگار بۆ عێراق و عێراقییەکان دژوارتر دەبێتەوە. بە هۆی ئەوەیکە زۆرینەی خەڵکی عێراق شیعەن و هێزی سەرەکیی دەوڵەتیش هەر لە شیعان پێک دێ هەر بۆیە سرووشتییە کە زیاتر بە



لای ئێران دا بێ. تا ئێستاش زۆربەی شرۆڤەکاران ئێران بە براوەی شەڕی عێراق دەزانن. چونکی بە رووخانی سەدام یەکێک لە دوژمنە دیرینەکانی ئێران تاج و تەختی رروخا و لەم لایەشەوە دەست و پێوەندی و رەوتە شیعەکانی سەر بە ئێرانن کە لە پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق دا بەشدارن و لە لایەکیشەوە خەریک شەڕ و بەربەرەکانیی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانین. کەواتە قسەکای رەفسەنجانی هاتە دی کە دەڵێ: عێراق بۆ ئامریکا دەبێ بە زەڵکاو ئەمریکا لە عێراق دەچەقێ. پرسیار لێرەدایە ئایا ئەمریکا دوای ئەوەی ٤٤٢١ کوشتەی داوە و بە دەیان ملیارد دولاری لە عێراق خەرج کردوە هەروا بە سووک و ئاسانی رادەستی ئێرانی دەکا؟ یان ئەمریکا نەهاتبوو پرۆژەی رێگەی گەورە پراکتیزە بکا ئەدی بۆچی بە نیوەچلی جێی دەهێڵێ؟ یان ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان و بە تایبەت بەهاری عەرەبی بووەتە هۆی ئەوەی ئەمریکا عێراق چۆڵ بکا؟

هەر دوای ئەوەی باراک ئۆباما بڕیاری کشانەوەی راگەیاند؛ ئاکامەکانی لە نێوخۆی عێراق دەرکەوتن و پارێزگاکان بە دوای یەکدا داوای بە هەرێم بوونی خۆیان بەرز کردەوە و ئێرانێش لە خۆشیان لە کەوڵی خۆی دا جێی نەدەبۆوە. کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان قووڵتر دەبنەوە و دەوڵەتی ناوەندی رایگەیاندوە کە هێزی پێشمەرگە سنووری بەزاندوە. ئەگەرچی پێوەندیی ئەمریکا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دۆستانەترە تا بەغدا بەڵام گەرەنتی جێبەجێ بوونی ماددەی ١٤٠ چی لێدێتەوە؟ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەگەرچی رەنگە بۆ هەموو عێراق کێشە و ئاستەنگ دروست بکا بەڵام ئەوە لە هەمووان زیاتر گەلی کورد و هەرێمی کوردستانە کە دەسکەوتەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە. چونکی مێژووی نزیک بە یەک سەدەی رابردووی حکوومەتی ناوەندیی بەغدا بە ئێستاشەوە نیشانی داوە کە سەبارەت بە دۆزی کورد نابێ متمانەی پێ بکرێ و هەر کات هێزی بەرخۆ بێتەوە هەستی داگیرکاری دەبزوێ و پەلاماری دەسکەوتەکانی گەلی کورد لەم پارچەیە دەدا.

لە کۆتایی دا دەکرێ بڵێین بە دەرچوونی ئەمریکا لە عێراق دەبێ چاوەڕوانی بلۆکبەندیی نوێ بکەین کە رەنگە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعوود بارزانی بۆ تاران و دواتریش ئانکارا سەرەتای ئەم گەمە دیپلۆماسییە بێ. ئەوەی بۆ گەلی کورد گرنگە دەبێ بۆشایی پشتیوانیی ئەمریکا لە ناوچەدا بە دیپلۆماسییەکی ژیرانە و بەر چاو کردنی بەرژەوەندی گشتیی کورد قەرەبوو بکرێتەوەو فارس گوتەنی کورد نابێ هەموو هێلکەکانی لە قەرتاڵەیەک دا دابنێ و دەبێ هەوڵ بدا پشتیوانی ئەم هێزانە وەدەست بخا کە دوای ئەمریکا دەتوانن تا رادەیەک بۆشایی کشانەوەی ئەمریکا لە گەمەی سیاسیی عێراق دا پڕ بکەنەوە و دەوری جیددی بگێڕن. بە لەبەرچاوگرتنی رووبەرو و هەڵکەوتوویی ژێئۆپۆلۆتیکی و جوگرافیای سیاسی، عێراق دەکەوێتە نێوان سێ هێزی ئێران و تورکیە و عەرەبستان و، کە هەرکامیان بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە و پشتی رەوت و لایەنی جیاوازی نێو پێکهاتە سیاسی و ئایینییەکانی عێراق دەگرن.

مەترسیی ئێران لەم نێوەدا لە هەمووان زیاترە و لەگەڵ کشانەوەی یەکەم قۆناخی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەمریکا و وڵاتانی عەرەب بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە و شەڕە دندووکەی ئێران و ئەمریکا دەستی پێکردوە.

کە دەبێ جیهان هەوڵ بدا چیدی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست نەشڵەقێ و وەک گۆمی خوێنی لێ نەیە ئەمریکا عێراقێک چۆڵ دەکا کە بواری بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی و شەڕی نەتەوەیی و ئایینی لەبارەو وڵاتانی تورکیە و ئێران و سعوودی شەڕی ناسیۆنالیزم و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەمێژە لەم وڵاتە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆش کردوە. بۆشایی نەمانی هێزەکانی ئەمریکا، گۆڕەپانەکە زیاتر بەرەوڕوو بوونەوە و قوربانی کردنی دەسکەوتەکانی خەڵکی عێراق، دەبا.

---

دریژەی:

## بۆ ئاگاداری بەڕێز ئەحمەد شەهید و ستافەکەی

## لە شووڕای مافی مرۆڤ دا

حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە.

لە یەکەم راپۆرتی ئەحمەد شەهیددا بە حەق گرینگی بە پێشێلکاریی مافی چالاکانی مەدەنی بە تایبەت ژینگەپارێزان دراوە و، بە سیاسی کرانی چالاکیی ئەو کۆمەڵە کەسە بە نموونە هاتۆتەوە، کە نارەزایەتییان لە ویشکبوونی گۆلی ورمێ دەبڕیبوو. بەڵام ئەوەی لێرەدا ونە کە هەر لەو ماوە زەمەنییەدا زۆر لە چالاکانی ژینگەپارێزی کورد تەنیا بە تاوانی! بەرگری لە ژینگەی سەوزی نیشتمانەکەیان خراونەتە زیندانەوە، کەچی ئەوانیش ناوونیشانیان لەو راپۆرتەدا ونە. بۆ نموونە ئیرەج قادری، شەریف باجوەر، بێهروز داروەند و رەحیم باجوەر، تەنیا ٤ کەس لە ئەندامانی» ئەنجوومەنی سەوزی چیا»ی شاری مەریوانن کە بە تاوانی چالاکیی ژینگەپارێزی خراونەتە بەندیخانەوە.

ئەگەر بە کورتیش بووبێ پێوستە بگوترێ کە پێشێلکردنی مافی منداڵان، ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و رێگەگرتن لە گەیاندن و سووڕانی زانیاری و راگەیاندنی ئازاد لە ئێران چەند رەهەندێکی دیکەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانن کە بەڕێز ئەحمەد شەهید دەتوانێ بە کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیاری و کۆمێنتی پێوەندیدار لەو بارانەوە، باشتر لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بکا و راپۆرتی وردیان لە سەر ئامادە بکا، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی دیکەش بکرێ.

دیارە ئەگەرچی ئەحمەد شەهید لە راپۆرتەکەی یەکەمیدا تەوەرێکی تایبەت بۆ پێشێلکردنی مافی گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکان تەرخان کردبوو، بەڵام لە شیکردنەوەی پێشێلکردنی مافی کەمە ئێتنیکییەکاندا بە تاقە دێڕێکیش باسی لە چەندی و چۆنی ئەو پێشێلکردنانە نەکردبوو.

کوردەکان بە هۆی بە ئەمنیەتی کرانی کار و ژیان و چالاکی و تەنانەت شوێنی ژیانیان قوربانیانی سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانن. بۆ نموونە لە ئێعدامی سیاسی و گیران و کوژران و بریندار بووندا بەشی شێریان بەردەکەوێ. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئەگەر ٢٢ کەس لە ئێران بە هۆی تاوانی سیاسی لە سێدارە درابێتن، ئەوا ١٢ کەس لەوان کورد بوون. ئەگەر هەر ئێستا ١٧ زیندانیی سیاسی لە ئێران حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە، لەو ١٧ کەسە دیسانەکەش ١٢ کەسیان کوردن.

کوردەکان لە ئێران قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوزیدانانن و مافە فەرهەنگی و مەدەنییەکان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ. کوردەکان ئێستاش ناتوانن لە خوێندنگەکان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن و چالاکی لە بوارەکانی راگەیاندن و کاری میدیایی و رێکخراوەیی دا تێچووی زۆر بۆ چالاکانی مەدەنی و کلتووریی کورد هەڵ دەگرێ و هۆکاری ئەوەش تەنیا بۆ سیاسەتی دوژمنکارانە و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینیی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کوردەکان دەگەڕێتەوە، کە پێویستە بەڕێز ئەحمەد شەهید، زیاتریان سەرنج بداتێ و لەو گۆشە نیگایەوە لێیان ورد بێتەوە، بۆ ئەوەی راپۆرتەکەی راپۆرتێکی پوخت و هەمەلایەنە و ئاوێنەی پڕ بەباڵای پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بێ.

---

دریژەی:

## کوردەکانی قەزوین، لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی کوردی قەزوینی دا

ئەگەرچی رەنگە لە کۆبوونەوەکانیان دا باس هاتبێتە گۆڕێ بەڵام دژایەتیی هێندێکیان باسەکەی بڕیبێ. کەواتە دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ ئاشنایی خوێندکارانی کوردی قەزوین دەگەڵ کێشە تایبەتییەکانی ئازادی کوردستان لە گۆڕێ دا نەبووە.

لە ئاکام دا دوای دوو ساڵ ئەم ئەنجومەنە بەهۆی گوشاری دەرەکی و کێشە ناوخۆییەکانی لە چالاکی وەستا. لە دەرەوە، خودی زانکۆ گوشاری بۆ دێنا، بوودجەی لێ دەبڕی و ئیزنی چالاکیی نەدەدایە کە دیارە قەتیش هۆکارەکەی دەرنەبڕی. بەشێک لە هۆکارە نێوخۆییەکانیشی دەگەڕایەوە سەر سکرتێری ئەنجومەن و ئەو سەرەڕۆییە نێوخۆیی و ئەو خۆخوازییانەی کە رەنگە ئێمەش بگرێتەوە.

**پ: لە ئێران تا چ رادەیەک پارتە کوردییەکانتان دەناسی؟ هاتن بۆ هەرێمی کوردستان تا چ رادەیەک کاریگەریی لەسەر ناسیاریتان سەبارەت بە پارتە کوردییەکان بووە و گۆڕاوە؟**

**و:** پێموایە لە ئێران بە چەند هۆ کەمتر سەرنجم داوەتە پارتە کوردییەکان. رووداوەکانی هەڵبژاردن کەمێک بەلای سیاسەتی راکێشام کە تا ئەو کات دەتوانم بڵێم هیچ گرینگیم بە سیاسەت نەدەدا. جا بۆیە پارتە کوردییەکانیش وەک بەشێک لە رەوتە سیاسییەکانی کوردستان بە لایان دا نەدەچووم. هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەشە ئەمنییەتییەی کە ئێران سەبارەت بە کوردستان و بەتایبەت پارتە کوردییەکان هەیە، ئەو کەشە ئیزنی لێکۆڵینەوە و ناسینی زیاتری پارتە کوردییەکانی بە کەسێکی وەک من نەدەدا. ناچار بووم هەڵبژێرم. بۆیە ناچار بووم بۆ کاری رۆژنامەنووسی بچمە سۆراخی بیاڤەکانی دیکە و یا سووژەی دیکە تا لانی کەم رادەی تێچووەکەی کەمتر کەمەوە یان کاتەکەی دوا بخەم. کەواتە هەر ئەوەندە پارتە کوردییەکانم دەناسی کە دەزگای پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بە دوور لە رەوشت و چەپەڵانە لەسەر پارتە کوردییەکان دروستی کردبوو. شەڕی براکوژیی کۆمەڵە و دێموکرات لە سەرەتاکانی شۆڕش و قۆناخێک خەباتی چەکداری بووەتە هۆی ئەوەیکە دەزگا ئەمنییەتی و پڕوپاگەندەییەکانی رێژیم بوختان بۆ پارتە کوردییەکان ساز کەن.

بەداخەوە پڕوپاگەندە دژی پارتە کوردییەکان جۆرێک بوو پێموابوو ئەوانیش دەبێ وەک موجاهیدین خڕ بکرێنەوە. کەچی ئێستا بە راستی ئەو بیر و بۆچونەم لە سەریان نەماوە. دیارە ئەوە بە واتای پشت گوێ خستنی هەڵەکانیان و ئەو رەخنانە نییە کە لەسەر پێکهاتە و کارکردنی ئەوان هەیە.

پ: وەک رۆژنامەنووسێکی کوردی قەزوینی چ چاوەڕوانیێکتان لە پارت و رەوت و مێدیای کوردی هەیە؟

و: پێکهاتنی هاوکاری نێوان چالاکانی کورد لە قەزوین و کوردستان و هەروەها پێکهێنانی پێوەندیی نێوانیان هەمیشە کەڵکەڵەم بووە و ئێساتش هەیە. لە لایەکیشەوە هەڕەشەی سەر فەرهەنگ و شوناسی کوردی لە قەزوین بەشێکە لە نیگەرانییەکانم. ئەوە تەنیا کەڵکەڵە و نیگەرانی من نییە. بە بێ شک لە قەزوین چالاکانێکی کوردی دیکەش هەن کە نیگەرانن و کەڵکەڵەی فەرهەنگ و شوناسی کوردیان هەیە. لە مێدیا و پارتە کوردییەکان دەتوانن بەشێک لەو نیگەرانییانەی ئێمە بخەنە بەر سەرنج و تەنانەت بەرزی بکەنەوە. کێشەکان هەمیشە بە گژ یەکمان دادەکەن، خاڵە هاوبەشەکان لێکمان نزیک دەکەنەوە. پارت و راگەیەنە کوردییەکان دەتوانن بە پێناسەی داخوازی و داوا هاوبەشەکان و پێکهێنانی دەرفەتێک کە هەموو ئەو خواست و داوا هاوبەشانە بگرێتەوە، تۆڕێکی هاوکاری لە نێوان کوردانی قەزوین و کوردستان پێک بهێنن. رێژەیەکی زۆری کوردەکانی قەزوین هی لای باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانن کە بەداخەوە لە رۆژهەڵاتیش گرنگییەکی ئەوتۆیان لە لایەن مێدیا کوردییەکانەوە پێنەدراوە. پێکهێنانی گوتارێک کە کوردەکانی قەزوینیش خۆیان بە بەشێکی بزانن دەبێ سەرەکیترین کاری پارتە کوردییەکان بێ کە تێیدا گرنگی بە کوردی قەزوینی تێدا نیشان بدرێ.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئاڵەشین

# دیکتاتۆرییە سیکولارەکان یا سەرەڕۆیی‌یە مەزهەبییەکان

## (چاوخشاندنێک بە هەڵبژاردەکانی توونێس و سەرکەوتنی پارتی ئیسلامیی «نهضت»دا)

ڕەحمان سەلیمی

و: هانا ڕەحیمی

ئەو ڕۆژەی کە محەممەد بو عەزیزی لە شاری سەیدی بۆ زەیدی توونێس لە گڕی ئاوردا دەسووتا کەس پێی وانەبوو ئەو ڕووداوە ببێ بە دەستپێکی تەقینەوەیەکی گەورە لە باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هاوسەنگییە سیاسییەکان بخاتە بەر گۆڕانێکی بەرین و تەنانەت پاش لەرزەکانی هەموو جیهان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. گڕەکانی سەیدی بۆزێید بڵێسەی ئەستاند و داوێنی دیکتاتۆرە گەورەکانی توونێس، میسر و لیبیی گرتەوە و ڕووخاندنی و لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی دا بزووتنەوەی نارەزایەتیی وەڕێ خست. ڕەوتی گۆڕانەکان لە توونێس و میسر ئەوەندە خێرا بوو کە دەرفەتێک بۆ شرۆڤەکەران، هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی چاوەدێرانی سیاسی لە کاتی شۆڕش دا پێک نەهات. پاش ڕووخانی دوو دیکتاتۆری توونێس و میسر و ڕاگواستنی نارەزایەتییەکانی جەماوەر بۆ وڵاتانێکی دیکە وەک لیبی، سووریە و یەمەن شیمانەکان لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی سیاسیی جیهانی عەرەب و نێوئاخنی سیستەمە سیاسییە جێگرەوەکان دەستی پێکرد. دیارە لەو پێوەندییەدا پرسیارێکی زۆر هاتە ئاراوە کە وەڵامدانەوە بە ئەوان پێویستی بە تێپەڕینی کات و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بکەرە سیاسییەکان هەیە. ئەرێ ئەم شۆڕشانە دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بە پێی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانییان لێ دەکەوێتەوە؟ جیهانی عەرەب لە پێوەرو پێودانگەکانی ڕۆژئاوا نزیکتر دەبێتەوە یا کەلێنی نێوان شارستانییەتی ئیسلامی و غەیری ئیسلامی قووڵتر دەبێتەوە؟ لە ئاکام دا ئایا دیکتاتۆرە سیکولارەکان جێی خۆیان دەدەن بە دیکتاتۆرییە ئایینییەکان؟

ئەگەرچی دەتوانین بڵێین کە دینامیزمی هەمووی ئەو شۆڕشانە، چینی مام ناوەندیی هەژاری کۆمەڵگە بوو کە بە دەست ڕاگەیشتن بە ڕاگەیەنە گشتییەکان و بینینی ژیانێکی باشتر لەو دیوی سنوورەکانی جیهانی عەرەب کە لەوێدا ڕێز لە ماف و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگیرێ، مرۆڤ خاوەن پێگەیەکی تایبەتە و ژیانێکی خۆشتریان هەیە، بیری گۆڕین هەڵی گرتن و هێزێکی تێکەڵاو بە هێزی کۆمەڵایەتییان لێ کەوتەوە. بەڵام دیسان ناکرێ جیاوازییەکانیش، ئەو جیاوازییانەی کە لە ژێرخانی کۆمەڵایەتی و تا ڕادەیەک سیاسی ئەو وڵاتانەی شۆڕشیان تێدا هەڵاییسا پشت گوێ بخەین.

توونێس وڵاتێکە کە بە هۆی هەڵکەوتوویی هەڤیاز بۆ توریست و ڕاکێشانی تووریستێکی زۆر لە ئورووپاوە، خاوەن فەرهەنگێکی تێکەڵاوتر و گونجاوتر لەگەڵ ڕۆژئاوا و هەر بەم هۆیەشەوە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە چاو وڵاتانی ئەفریقایی پێشکەوتووترە. لەوانە یەکێک لەو هۆکارانەی کە ڕووداوەکانی دوای شۆڕش توندوتیژیشیان لێ نەکەوتەوە هەر ئەمە بێ. بۆیە کۆمەڵگەی توونێس بواری بۆ سەرهەڵدانی توندڕۆیی بە تایبەت جۆری ئیسلامییەکەی خۆش نییە. بەڵام ڕەوشی میسر و بە تایبەت لیبی بە تەواوەتی جیاوازە و ئەگەری بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەوتە توندڕۆ ئیسلامییەکان لەواندا زۆرە.

باشترین پێوەری دیاریکردنی پێگەی لایەنە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی شۆڕش لێدراودا، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادە تا هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەو مەیدانەدا بکەونە ململانێوە و ڕادەی هەژموونی و کاریگەریی خۆیان لە سەر کۆمەڵگا دەربخەن.

### هەڵبژاردەکانی توونێس

یەکەمین هەڵبژاردەکانی دوای دەستپێکی ئەو ڕووداوانەی کە بە بەهاری عەرەبی بەناوبانگن دوای نزیک بە ١٠ مانگ لە شۆڕش



لە توونێس بەڕێوەچوو. لەو هەڵبژاردنانەدا کە بە پێی دانپێدانانی چاوەدێرانی نێونەتەوەیی، هەڵبژاردنێکی بێ‌فڕت و فێڵ و جێی ڕەزامەندی بوو، دەیان پارت و ڕەوتی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی ٢٧٣ کورسیی پارڵمانی دامەزرێنەران بەشدار بوون. پارلەمان کە بە نووسینەوە و پەسندی قانوونی بنەڕەتی ڕوومای سیستەمی سیاسیی داهاتووی توونێس دەردەخا بە بێ شک کاریگەری لە سەر کەشی سیاسیی ئەو وڵاتانەی دیکەش دەبێ کە شۆڕشیان تێدا کراوە.

پارتی ئیسلامگەرای «نهضت» بە ڕێبەرایەتی ڕاشد غنووشی بە وەدەستهێنانی زیاتر لە ٤٠٪ دەنگەکان (بەرابەر بە ٩٠ کورسی لە ٢١٧ کورسی پارلمان) بە براوەی هەڵبژاردەکان ڕاگەیەنرا.

ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنانە و هەواڵی سەرکەوتنی ئیسلامگەراکانی توونێس، دژکردەوەی جۆراوجۆری لە نێوخۆ و دەرەوەی توونێس لێکەوتەوە. کۆمەڵێک کەس سەرکەوتنی پارتی ئیسلامگەرای «نهضت» و کاریگەریی ئیسلامگەراکان لە ڕەوتی نووسینەوەی قانوونی بنەڕەتی بە تێداچوونی ئامانجەکانی شۆڕش و نەزۆککردنی دیموکراسی لە قەڵەم دەدەن و گرووپێکیش گەشبینانە لێی دەڕوانن و پێیان وایە فەرهەنگی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی مۆدێرنی زاڵ بە سەر کۆمەڵگەی توونێس دا بواری سەرهەڵدانی توندڕەویی لەو وڵاتە موسوڵمانە نادا.

ڕێبەرانی پارتی ئیسلامگەرای «نهضت» تێدەکۆشن کۆمەڵگەی جیهانی، پارتە لیبراڵ و سیکۆلارەکانی توونێس و وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان بە تایبەتی زیاتر ڕۆژئاواییەکان بە قەناعەت بگەیەنن کە توونێس هەروا لیبراڵترین وڵاتی ئەفریقا دەبێ و کەنارە جوانەکانی دەریاکانی هەر وەک جاران پێشوازی لە توریستە دەرەکییەکان دەکەن.

هۆکار و بەڵگەیەکی زۆر بۆ سەرکەوتنی ئیسلامگەراکان لە توونێس دەهێننەوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

١ـ کۆمەڵگەی توونێس، کۆمەڵگەیەکی عەرەبی و ئیسلامییە کە خەڵکەکەی ڕێز لە ئامۆژگاری و فێرکارییە ئایینییەکان دەگرن تەنانەت ئەگەر بەجێشیان نەهێنن.

٢ـ هەر دوو سەرکۆماری توونێس پاش سەربەخۆیی وەرگرتن لە فەڕەنسە لە ساڵی ١٩٥٦دا هەوڵیان دا ئیسلام کاڵ بکەنەوە، خەڵکی لێ دوور کەنەوە کە ئەوەش هەستی ئایینیی خەڵکی خەوشدار کرد. حەبیب بۆریقبە و زەینولعابدین بێن عەلی، هەردووکیان دژایەتیی ئیسلامیان کرد و بەو بابەتە شۆڕشگێرانی ئازارچێشتووی ڕێژیمی پێشوو بەرەو ئیسلامگەراکان دا شکانەوە.

٣ـ ڕابردووی ٣٠ ساڵەی چالاکیی پارتی ئیسلامگەرای توونێس کە دواتر ناوی بوو بە پارتی «نهضت»، کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر کۆمەڵگەی توونێس. ئەو پارتە لە ساڵی ١٩٨١ دامەزراو پاش نزیک بە ٩ ساڵ چالاکی لە نێوخۆ لە لایەن دەوڵەتی بێن عەلییەوە کەوتە ژێرگوشار و ڕاوەدوونان و ڕێبەرەکانی بە تایبەت ڕاشد غەنووشی ناچار توونێسی جێ هێشت و چووە ئینگلیز.

ڕێبەری پارتی «نهضت»، ڕاشد غەنووشی بیرمەندێکی ئیسلامی و میانەڕۆیە کە لە پێناو بەرگری لە ئیسلامی میانەڕۆدا کتێبی جۆراوجۆری بڵاو کردۆتەوە.

بەهەرحاڵ هەڵبژاردنەکانی توونێس، بە پرۆژەی سەرکەوتووی دیموکراسی دەژمێردرێ و ئەگەر هەر وەک ڕێبەرانی ئەو پارتە بانگەشەی دەکەن ڕوانگەکانیان زیاتر لە مودێلی پارتی دادوگەشەی تورکیە نزیک بێ دەتوانین وەک نموونەی بەرچاوی هاوسەنگیی نێوان ئیسلام و نوێ بوونەوە ناوی بێنین. پارتی «نهضت» ڕایگەیاندوە کە ڕێز لەو مافانە دەگرێ کە ژنان تا ئێستا بە دەستیان هێناوە و دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداری ژنان لە سیاسەت دا دەڕەخسێنێ. ڕێژەی ئەو ژنانەی کە بۆ پارڵمانی دامەزرینەران لە لیستی پارتی «نهضت»دا هاتوون زیاتر لە ٤٦٪ (بەرابەر بە ٤٢ کورسی لە کۆی ٩٠ کورسی) دایە. کە ئەمەش خۆی بانگەشەی ئەم پارتە لە پێوەندی لەگەڵ بەشدار کردنی زیاتری ژنان لە سیاسەت دا دەسەڵمێنێ.

ئەزموونی حکوومەتێکی مۆدێرن و دیموکراتیک لە کۆمەڵگەیەکی ئایینیتر یا بە واتایەکی دیکە ئاویتە کردنی ئیسلامی و سیکۆلاریسم دەتوانێ سەرچەشنێکی باش بێ بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچە کەواتە نابێ پێمان وابێ کە هەر حکوومەتێکی ئایینی بە دڵنیاییەوە دیکتاتۆری لێدەکەوێتەوە و کۆماری ئیسلامی‌یەکی دیکەی وەک ئێرانی لێ شین دەبێتەوە. بە تایبەت کە ڕاشد غەنووشی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: «من خومەینی نیم».

هەر چەند پارتی ئیسلامگەرای «نهضت» لە هەمووان زیاتر دەنگەکانی هەڵبژاردنی بۆ خۆی مسۆگەر کرد بەڵام نزیک بە ٦٠٪ خەڵکی توونێس دەنگیان بە پارتە چەپ و سیکۆلارەکان دا و پارتی «نهضت» ناچار بۆ نووسینەوەی پرۆژەی قانوونی بنەڕەتی و پێکهێنانی دەولەت لەگەڵ ئەو پارتانە ڕێککەوێ.

لەوانەیە ئاکامی هەڵبژاردنەکان و گۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتانەی دیکە کە شۆڕشیان تێدا کرا دژوارتر لە توونێس بێ و مەترسیی بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلامگەرا توندڕۆیەکان لە میسر، لیبی و ڕەنگە سووریە و یەمەن وێدەچێ بەهێزتر بێ.

# هەلومەرجی ئابووریی جیهان لە ژێر کاریگەریی قەیرانەکاندا!

ئەیووب شەهابی ڕاد

بازارە داراییەکانی جیهان لەگەڵ بارودۆخێکی پڕ کێشە و گرفت ڕووبەڕوون کە ئەم گرفتانە، زیاتر لە هەر هۆکارێکی دیکە بەرهەمی بێ متمانەیی وەبەرهێنەرەکان بە داهاتووی ئابووریی جیهان و بێ باوەڕییان بە توانای سیاسەتوانان لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەرکردنی هەلومەرجی ئابووریی وڵاتەکانیانە.

ئامارە ئابوورییەکان دەری دەخەن کە ڕەوتی دەربازبوونی ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا لە داتەپین ئەو خێراییەی پێشووی نەماوەو ئەمەش بە نۆرەی خۆی هۆکارێکە بۆ پەرەگرتنی زیاتری نیگەرانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی قەرزەکانی ناوچەی یورۆ.

بە ڕای کارناسانی بواری ئابووری، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم هەلومەرجە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی دارایی و بانکیی نوێ وەک ئەوەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا ڕووی دا و بەم پێیەش ئابووریی جیهان بۆ جارێکی دیکە تووشی قەیرانێکی قووڵتر بکاتەوە.

### قەیرانی بێکاری

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار دوای موتالا و لێکۆڵینەوە لەسەر ٤٥ تا ١١٨ وڵات، هۆشداریی دا کە ئابووریی جیهان لە بەرەربەری گیرۆدەبوون بە قەیرانێکی نوێ و قووڵترە لە بواری کارو پیشەدا کە ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە هاندەرێک بۆ پشێویی کۆمەڵایەتی.

ئەم ڕێکخراوە (ILO) باس لەوە دەکا ٥ ساڵ کات پێویستە بۆ ئەوەی ئابوورییە پێشکەوتووەکان بتوانن لە بواری کارو پیشەدا بۆ دۆخی بەر لە قەیران بگەڕێنەوە. هەروەها لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١١ ی ئەم ڕێکخراوەدا هاتوە نزیکەی ٨٠ میلیۆن پیشە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا پێویستە، بۆ ئەوەی جیهان بۆ دۆخی بەر لە قەیران بگەڕێتەوە. ئەم ڕاپۆرتە هەروەها باس لەوە دەکا کە دەیان وڵات لەگەڵ ئەگەری سەرهەڵدانی پشێوی و نائارامی بەرەوڕوون، بەتایبەت وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، کۆمەڵێک لە وڵاتانی عەرەب و ئێران.

### نیگەرانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ گەشەی ئابووری

ئێستا گرینگترین هۆکاری نیگەرانیی سەرمایەگوزاران، بریتیە لە خاوبوونەوەی ڕەوتی گەشانەوەی ئابووریی لە ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی.

سندووقی نێودەوڵەتیی دراو ڕایگەیاندوە کە ئابووریی جیهان چۆتە نێو «قۆناغێکی مەترسیدای نوێ» واتە لەگەڵ گەشەیەکی کەم و قەرزێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری وڵاتان ڕووبەڕوو بۆتەوە. هەروەها ئەم ناوەندە نێودەوڵەتییە لە بەربێژییەکانی خۆی دا بۆ دیاریکردنی ئاستی گەشەی ئابووریی وڵاتانی پەرەسەندوو، ڕێژەیەکی زۆری کەمی داناوەو ڕایگەیاندوە کە ئەم وڵاتانە لەم ساڵدا تەنیا بە ڕێژەی ١,٥٪ گەشەی ئابووریی بەخۆیانەوە دەبینن.

هەر لەم پێوەندییەدا کۆمیسیۆنی ئورووپا، بانکی ناوەندیی ئورووپا و سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، ڕایانگەیاندوە لەگەڵ دەوڵەتی یۆنان لەسەر زنجیرە چاکسازییەکی ئابووری ڕێککەوتوون و هیوادارن ئەم چاکسازییانە بتوانن ئابووری ئەم وڵاتە بۆ دۆخێکی ئاسایی بگەڕێننەوە. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا بۆ وڵاتی یۆنان گرینگە، وەرگرتنی کۆمەڵێک پێشنیاری نوێی یارمەتیی دارایی دەرەکییە کە بۆ دانەوەی قەرزەکانی زۆر پێویستە. هاوکات دوڵەتی یۆنان ڕایگەیاندوە کە ئاستی کەمیی بوودجەی ئەم وڵاتە بۆ ساڵی ٢٠١١ لە ٨,٥٪ ی بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی تێپەڕ ناکا، لە حاڵێک دا ئەم ژمارەیە بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەگەیشتە ١٠,٥٪. ئەمە لە حاڵێک دایە کە ئاستی کەماسیی بوودجەی ئەمساڵیش لەو ڕێژەیە واتە ٧,٥٪ تێپەڕ دەکا کە یەکیەتیی ئورووپا و سندووقی نێودەوڵەتیی دراو وەک مەرجێک بۆ پێدانی یارمەتییە داراییەکان بۆ ئەم وڵاتەیان دیاری کردوە. بەڵام مەبەستی سەرەکیی یەکیەتیی ئورووپا لەم یارمەتییە داراییەکان بە یۆنان، هێورکردنەوەی بازارە داراییەکان و پێش گرتن لە پەلهاویشتن و بڵاوبوونەوەی ئەم قەیرانە بۆ وڵاتانی دیکەی ئورووپاییە کە ئەوانیش بەجۆرێک بە دەست قەرزە دەوڵەتییەکانەوە دەناڵێنن.

زۆربەی کارناسانی بواری ئابووری لەسەر ئەو باوەڕەن کە چارەسەرنەکرانی قەیرانی قەرزەکانی یۆنان، دەبێتە هۆی چوونەدەری ئەم وڵاتە لە ناوچەی یۆرو. بەڵام پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەمەیە کە ئایا چارەنووسی وڵاتانەی دیکەی ئورووپایی کە ئەوانیش بە ڕێژەیەکی زۆر قەرزدارن، چییان بەسەر دێ؟

بە واتایەکی دیکە ئەگەر لە کۆتایی ئەم هەوڵە ناوچەیی و جیهانیانەدا یۆنان ناچار بێ داوا لە خاوەن قەرزەکانی خۆی بکا لە داواکارییەکانیان خۆش بکەن، ئەوکات چ هۆکارێک هەیە کە وڵاتانی دیکەی وەک پورتەغاڵ و ئێرلەند کارێکی لەم شێوەیە نەکەن؟

لە وەها حاڵەتێکدا، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو پێکهاتە سیاسی و ئابوورییانەی کە ١٧ وڵاتی ئەندام لە ناوچەی یۆروی پێکەوە گرێ داوە، لەبەریەک هەڵوەشێتەوە.

هەنووکە، بیروڕای گشتیی ئاڵمان، کە نەخشی سەرەکیی لە دەربازکردنی ئابووریی وڵاتانی قەیران لێدراوی ناوچەی یۆرودا هەیە، لە بۆچوون و کردەوەکانی دەوڵەت لەم پێوەندییەدا «ماندوو بوون» و ئۆگرییەکی ئەوتۆیان بۆ خۆبەخشیی زیاتر لە پێناو پاراستنی ناوچەی یۆرو نەماوە.!

لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئابووریی ئێران دا، بە پێی هەموو داتا و ئامارە نێوخۆیی و جیهانییەکان، بەر لە سەرهەڵدانی قەیرانی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٨ وە ئابووریی ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە یەکێک لە نزمترین و دواکەوتووترین ئابوورییەکانی ناوچە و جیهان بووە. هەر بە پێی دوایین ڕاپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، بازار کاری ئێران لە بواری وڵامدەربوون بە پێویستییەکانی کارو پیشە، لە ڕیزی خراپترین وڵاتانی ناوچە دایە. هەروەها لە بواری دیاریکردنی نرخەکان (کەلوپەل، شتومەک و خواردەمەنی) بە پێی ڕێکخراوی ناوبراو نرخی هەڵئاوسانی ئێران لەم ساڵدا تا ئاستی ٢٢,٥٪ بەرز بۆتەوە کە ئەم ژمارەیە زۆرترین ئاستی هەڵئاوسانە لە نێوان وڵاتانی ناوچەو ئەو وڵاتانەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام دراوە.

هەروەها سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز، لە دوایین ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بارودۆخی وڵاتی ئێرانی لە بواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و گاز لە چاو وڵاتانی ناوچەکەدا، لە نزمترین پلە داناوە.

# ٢٠ ساڵەی تاوانێکی تێرۆریستی

قادر وریا

بەرەبەیانیی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠، رێگای رۆژانەی نێوان بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات (لە دێی بۆڵێی بناری قەندیل) و شوێنی بنەماڵەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی (گوندی ئێندزێ)، شایەدی تاوانێکی دڵتەزێن بوو. تاوان لە دژی سەرنشینانی مینی بووسێک کە زیاتر لە ٢٠ کەس دەبوون. ئەوان پێرسۆنێلی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزب بوون کە دەچوونە سەر کاری رۆژانەیان، چەند کەسێکیشیان لە میوانی و شایی رۆژی رابردوو دەگەڕانەوە کە بوون بە ئامانجی پیلانێکی تێرۆریستی.

تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی وانێتێکی بۆمبڕێژکراویان کە چەند بۆشکە سووتەمەنیشی لەسەر بوو، بە بیانووی لەکار کەوتن، لە تەنیشت رێگای سەرەکیی هاتوچۆی تێکۆشەرانی حیزب، راگرتبوو. کاتێک مینی بووسەکە لە «ئێندزێ»وە دەگاتە راستی وانێتە بە رواڵەت لەکار کەوتووەکە، تێرۆریستەکان لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ وانێتەکە دەتەقێننەوە و بەمجۆرە مینیبووسەکە بە سەرنشینەکانییەوە دەبێتە تێشووی تەقینەوە و گڕ و دووکەڵ. بەهۆی ئەم تاوانە سێ تێکۆشەری بەوەجی حیزبی دێموکرات شەهید بوون. زۆربەی سەرنشینەکانی دیکەش بە توندی بریندار بوون کە ئەگەرچی بە خۆشییەوە لە مردن رزگاریان بوو، بەڵام هەتا ئێستاش شوێنەواری تەقینەوە و زەبر رووداویان لەسەر جەستەیان ماوە.

سێ شەهیدی تاوانی تێرۆریستی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ بریتی بوون لە مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی، حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی. هەرسێک لەم تێکۆشەرانە لە چەشنی خۆیان دا نموونە بوون:

مەلا رەسووڵ گەردی، مامۆستایەکی ئاییني نیشتمانپەروەر بوو. ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەبات لە پێناوی رزگاریی نەتەوەیی، ساڵانێکی زۆر پێش هاتنە سەر کاری رێژیمی ئاخوندی، دەست پێ کردبوو. لەسەر کوردایەتی و تێکۆشان لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، چوار ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانەی رێژیمی شایەتی دا تێپەڕ کردبوو. کاتێک رێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی مەلا و زانای ئاییني، ئەگەر پشتیوانی لەو رێژیمە بکەن دەبنە خاوەنی پلە و پایە و سامان و ئیمتیازی جۆراوجۆر، ئامادە نەبوو روو لەو رێژیمە و پشت لە نەتەوەکەی بکا. چەکی بەرگری لە خەڵکی کوردستانی کردە شان و لە ریزی حیزبی دێموکرات دا ئەرکی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ و هەر خزمەتێکی لە دەستی هات، درێغی لێ نەکرد. ئەو هەر بە تەنیا بۆخۆی لە خزمەت حیزبی دێموکرات و خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەکەی دا نەبوو، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی لە سۆنگەی رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا مەلا رەسووڵ دا، خۆیان بۆ خزمەتی حیزب و جووڵانەوە تەرخان کرد و هەر یەک لە سەنگەرێک دا قۆڵیان لە تێکۆشان هەڵماڵی.

حەسۆ عەلیپوور کە ئەویش وەک مەلا رەسووڵ خەڵکی ناوچەی پیرانشار بوو، یەکێک لە فەرماندە لێوەشاوەکانی هێزی پێشمەرگە بوو. کاک حەسۆ، کوڕی «مرادی گردە سوور» بوو. باوکی بەهۆی پێگەی خێڵەکی و نفووزی عەشیرەییەوە، کەوتبووە بەر سەرنجی رێژیمی شایەتییەوە و هەوڵی دابوو لە دژی بزووتنەوەی کورد بە کاری بێنێ. «حەسۆ» بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکرات و نیشاندانی ئەوپەڕی لێهاتوویی نەک هەروەک «پێشمەرگەیەکی قارەمان، بەڵکوو وەک فەرماندە و کادرێکی نیزامی و وەک بەرپرسێکی دڵسۆز و کارامە، لاپەڕەیەکی پڕ شانازیی خستە سەر مێژووی بنەماڵەکەیان.

لەو کادر و فەرماندانەی حیزبی دێموکرات بوو کە خەڵکی پیرانشار، ئەو پەڕی متمانەیان پێ بوو و بە دیتنی و بە بیستنی ناوی، خۆشحاڵ و هیوادار دەبوون.

جەلیل مامایی، رۆڵەیەکی ئازەری زمان بوو کە بە پێچەوانەی زۆر لە هاوزمانەکانی کە چەکی رێژیمیان هەڵگرتبوو و دانیشتووانی کوردستانیان قەلاچۆ دەکرد، ببورە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی خزمەتی بزووتنەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستان بکا. باوەڕیشی وابوو کە بە هاتنەدیی ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد، گەلانی دیکەی ئێران و یەک لەوان ئازەربایجانییەکانیش، لە مافەکانیان نزیک دەبنەوە. جەلیل مامایی، ماوەی چەند ساڵ بوو لە بەشەکانی تەداروکات و خەدەمات کاری دەکرد، دڵسۆزی، دەستپاکی و ماندوویی نەناسیی خۆی بۆ بەرپرسان و هاوکارانی سەلماندبوو. بەهۆی تایبەتمەندییە بەرزەکانی، لە لای رێبەریی حیزب، لە نێو هاوڕێیانی کادر و پێشمەرگە و لە نێو بنەماڵەکاندا، خۆشەویست و جێگای رێز بوو. جەلیل شۆفیری ئەو مینی بووسە بوو کە کرا بە ئامانجی پیلانی تێرۆریستیی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠.


شەهید حەسۆ عەلیپوور


شەهید جەلیل مامایی


شەهید مەلا رەسووڵ گەردی

تاوانی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠، سەرەتای ئەو پیلان و کردەوە تێرۆریستیانە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە سەر خاکی کوردستانی رزگاربوو لە دەسەڵاتی بەعس، لە دژی تێکۆسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانیان بەڕێوەی بردن. لە ساڵانی دواتر و بەهۆی پیلانەکانی دیکەی ئەو رێژیمە و بەکرێگیراوەکانی، بە دەیان کادر و پێشمەرگە و ئاوارە و پەنابەری کوردی رۆژهەڵات بە ناجوانمێرانەترین شێوە، گیانیان لێ ئەستێندرا، یا تەحویلی رێژیمی کۆماری ئیسلامی درانەوە، ژمارەیەکی زیاتریش نەقوستان و بریندار کران. ئەم تاوانانە کە وەک پەڵەیەکی رەش نە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانییەوە، دەمێننەوە، نابێ لەبیر بکرێن.

لە ٢٠ ساڵەی ئەم تاوانە تێرۆریستییەدا، سڵاو بۆ یادی سێ شەهیدی ئەو جینایەتە: مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی، حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی دەنێرین و دڵنیایان دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد، خوێنی بە ناحەق رژاوو خزمەتەکانیان لەبیر ناکا و بە خەبات تا بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەوان، پاداشیان دەداتەوە.

# قاتڵی جاڵجاڵۆکەیی لە ئێراندا ماوە؟!

کوێستان فتوحی

کۆمەڵگەی پیاو سالار لە وڵامی هەر کردەوەیەکی ناپەسەندی پیاویشدا هەر ژن بە تاوانبار دەزانێ. ئەم بیرکردنەوەیە ئەگەر هی هەر ئایین و کولتوور و یاسایەک بێ، پێویستە لە لایەن کەسانی وەک مازیارەکانەوە قامکی لەسەر دانرێ و بوێرن بڵێن ئەمە هەڵەیە! کاری هونەری فیلم و سینەما کاریگەریی زۆری بەسەر روانینی خەڵکەوە هەیە. ئەوانەی لەم بوارەدا توانایان هەیە، پێویستە تواناییەکانیان لە پێناوی سڕینەوەی تاوان و توندوتیژیدا بەکار بێنن.

ساڵی ١٣٧٩ زنجیرەیەک قەتڵی ترسناک لە شاری مەشهەدی ئێران روویان دا کە بۆ ماوەیەک حاڵ و هەوای ئەوکاتی کۆمەڵگەی ئێرانیان خستە ژێرکاریگەریی خۆیانەوە . «هێزە ئینتیزامییەکان» بە دوای قاتڵ یان قاتڵەکاندا دەگەڕان. سەرەنجام دوای ساڵێک و ١٦ قەتڵ، قاتڵ دۆزرایەوە و درایە دادگا.

«ناوم سەعیدە و شۆرەتم حەنایی، بەننای خانووم، خێزاندارم. لە ٧ی گەلاوێژی ساڵی رابردووە (١٣٧٩) تا ئێستا ١٦ ژنم کوشتوون، پەشیمانیش نیم لەو کارەی کردوومە. ئەگەر نەگیرابام دەمویست ژمارەی ئەو ژنانە بگاتە ١٥٠ کەس».

ئەوە بەشێک لە قسەکانی سەعید حەنایی بوون کە لە رۆژی ٣١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٠ لە کاتی دادگایی کردنی دا کردوونی. سەعید حەنایی بڕیاری دابوو فەرمانی خودا لە سەر عەرز و لە مەملەکەتی ئیسلامی دا جێبەجێ بکا. بە قسەی ناوبراو ئەو ژنانەی ئەو کوشتوونی ناپاک و گوناهکار بوون بۆیە پێویست بوو وڵاتەکەی لەوان پاک بکاتەوە. هەر ئەو کاتیش کە ناوبراو دادگایی دەکرا، زۆر کەسی نێو دەسەڵاتی ئێران نارازی بوون لەم موحاکەمەیە. رۆژنامەیەکی سەر بە محافزەکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نووسیبووی چ کەسێک دەبێ محاکەمە بکرێ، گوناهکاران یان بێگوناهان؟!

سەرەنجام سەعید حەنایی لە بەهاری ساڵی ١٣٨١دا ئێعدام کرا. بەڵام ئایا بیر و فکری سەعید حەنایی بە لەناوچوونی ناوبراو کۆتایی هاتوە؟

رۆژی ١٣٩٠/٨/١١ لە بەرنامەی «ئاپارات»ی b.b.c ی فارسیدا فیلمێک لە دەرهێنانی مازیار بەهاری فیلمسازی ئێرانی بە ناوی»عنکبوت آمد» (جاڵجاڵۆکە هات) بڵاو کرایەوە، منیش یەکێک لەو کەسانەی کە ئۆگریم بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەیە، بەسەرنجەوە روانیمە فیلمەکە و هەست و بیرکردنەوەی منی بە خۆیەوە مەشغووڵ کرد.

بینینی فیلمەکە منی بردە نێو قووڵایی کارەساتێکی ترسناک لە کۆمەڵگەی ئێراندا. کاتێک وتووێژی لایەنەکانی رووداوەکەم لە فیلمەکەدا دیت، (وەک: کەسوکاری قاتڵ دایک، برا، هاوسەر، کوڕ و تەنانەت هێندێک لە دۆست و ناسیاوانی و بەشێک لە قسەکانی قاتڵ)، هەستم کرد کە کارەساتەکە لەوە گەورەترە کە بە لەناوچوونی قاتڵێک کۆتایی بە تاوانی لەم جۆرە بێ. کەسوکاری جینایەتکارەکە بە سەراحەت و ئاشکرا و بە هەستکردن بە شانازییەوە باس لە سەعیدیان دەکەن ودیفاعی لێ دەکەن و دەڵێن ئەو کارێکی خراپی نەکردوە جگە لەوەی کۆمەڵگەی لەو ژنە ناپاکانە پاک کردۆتەوە و وەزیفەی ئیسلامیی بەجێ گەیاندوە!

بزانن کێ بڕیار لەسەر چارەنووسی کۆمەڵێک ئینسانی بێدەرەتان و چارەڕەش دەدەن؟ دایکی سەعید دەڵێ: شەوێک خەونم دیت کەسێک هات و بەبێ ئەوەی سیمای ببینم پێی وتم نارەحەت مەبە سەعید بە پێی بڕیاری ئیسلام جووڵاوەتەوە و کارێکی خراپی نەکردوە! هاوسەرەکەی سەعید کە زۆر بە سۆزەوە باس لە مێردەکەی دەکا و لە جێیەکدا دەڵێ: « من کارێکی خلافم لەو ئینسانە نەدیوە بۆچی دەبێ سزا بدرێ؟! ژنێک کە بەپێی خۆی و دەڵێ منیش دەمگوت با بزانم چۆ دەبێ»! گوتم نا، وادیارە باوکم کارێکی باشی کردوە.





قسە و بیرکردنەوەی بچێ و لەگەڵ پیاوی بێگانە دەست تێکەڵ بکا، سزاکەی هەر ئەوە بێ باشە. ئەگەر کوشتنی ئەوانە خراپە، داوای بەخشینی لەلای خودا بۆ دەکەین»! کورەکەی بە جۆرێک باسی باوکی دەکرد کە دەتگوت باس لە کەسایەتییەکی پیرۆز دەکا. کۆرێکی ١٢ ساڵە – کە ئێستا رەنگە ٢٣ یان ٢٤ ساڵ بێ – زۆر بە شانازییەوە سەحنەی جینایەتەکەی باوکی دروست دەکاتەوە و پشتییەک (باڵنج)ێک دادەنێ و دەڵێ «ئاوا بەم شێوەیە خەفەی کردوون»! پاشان دەڵێ «کە باوکم ئێعدام کرا نارەحەت بووم گوتم رەنگە کارێکی خراپی کردبێ وا بەم شێوەیە سزا درا، بەڵام کە چوومە دەرەوە و خەڵک پێیان دەگوتم باوکت کارێکی باشی کردوە، سەرت بەرز راگرە و تۆ دەبێ درێژەی ئەو کارەی باوکت بدەی» ناپاکان دەبێ لەسەر زەوی پاک بنەوە! بە پێکەنینەوە دەگێڕێتەوە ئەوانە منی تاساند. بیر لەوە دەکەمەوە و دەڵێم کۆمەڵگەی ئێران چی بەسەری هاتوە! ئەمە چ کەلتوورێکە ئەو خەڵکەی بەم شێوەیە بار هێناوە؟! چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئینسانانە ئاوا بیر بکەنەوە؟! لە کوێدا دەبێ بۆ هۆکارەکەی بگەڕێین؟ ئەگەر تەنیا کەس و کارەکەی و دەرودراوسێکانی بەم شێوەیە بیربکەنەوە کە دەرهێنەری ئەو فیلمە (مازیار بەهاری) بە بینەری نیشان داوە، دەبێ بڵێن سەعید حەنایی هەر ماوە. کە بەدەڵنیاییەوە دەبێ بڵێین زۆرن ئەوانەی کە وەک ئەوان بیر دەکەنەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێران تووشی چ کارەساتێک بووە کە کەسانی وەک سەعید حەنایی لێ هەڵدەکەوێ؟ قاتڵی ١٦ ئینسان بی بەبێ ئەوەی تۆسقاڵێک هەست بە شەرمەزاری بکەی!

بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتدارانی

ل ١٠

# ڕوانگەی سێهەم

## ( لە پەراوێزی پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری باڵوێزی سەعوودی لە واشنگتۆن)

ڕێبوار مەعرووف زادە

هاتنەگۆڕی بابەتی پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری باڵوێزی سعوودی لە واشنگتۆن تازەترین ڕووداوە کە لە لایەک نیشاندەری دۆخی هەنووکەی پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا، عەرەبستان و کۆماری ئیسلامییە، لە لایەکی دیکە خۆی ئەو بابەتە لە ئاراستە کردنی پێوەندییەکانی نێوان ئەو سێ وڵاتە کاریگەری دەبێ. لەو پێوەندییەدا سێ ڕوانگە هەیە.

**ڕوانگەی یەکەم:**

ڕوانگەی یەکەم تایبەت بەو کەسانەیە کە لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکا لە هەمبەر هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان بە ڕاست لە قەڵەم دەدەن.

ئەو کەسانە مێژووی کۆماری ئیسلامی کە لەودا دەیان کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی تیرۆر کران و چەندین هەوڵی تیرۆریستی لە وڵاتەکانی جیهان درا، بە بەڵگەی تاوانباربوونی دەهێننەوە. هەروەها ئەو کەسانە بۆ سەلماندنی ڕاستەقینەبوونی هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان ئاماژە بە دەستبەسەر داگرتنی تورکیە و نێجریە بەسەر چەک و تەقەمەتیی هەناردەکراوی ڕێژیم بۆ حەماس و حیزبوڵڵا و سووریە دەکەن.

**ڕوانگەی دووهەم:**

لەم بەینەدا ڕوانگەی دووهەم تایبەت بەو کەسانەیە کە بابەتی پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان بە دەستکردی ئەمریکا دەزانن و ئەمریکا وەک وڵاتێکی بوختانچی ناوزەد دەکەن.

ئەو کەسانە لێدوانە ناڕاستەکانی بەرپرسانی ئەمریکا لە کاتی هێرش بۆ عێراق لە هەمبەر هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژی لەو وڵاتە وەک هۆکاری ساختەچی ناودێر کردنی ئەمریکا دەهێنێتەوە.

**ڕوانگەی سێهەم:**

ڕوانگەی سێهەم تایبەت بەو کەسانەیە کە شرۆڤەکردنی هەوڵی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لەسەر بنەمای یاساکانی نێودەوڵەتی و دواجار هەوڵدان بۆ وەدەست خستنی بەڵگەی تیرۆریستی بە شێوازێکی نادروست بۆ لێکدانەوەی کێشەی نێوان سێ دەوڵەت دەزانن. دیارە هۆکاری نادروست بوونی ئەو شێوازە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاریگەریی یاسا بەسەر پێوەندی نێودەوڵەتی دا لەرزۆکە و هەر دەوڵەتێک بە پێی هێز (Power) و بەرژەوەندی خۆی سیاسەت دەکا. دواجار ڕۆڵی یاسا لە کێشە نێودەوڵەتییەکان دا ڕۆڵێکی ئەخلاقی و ڕۆحییە. بەم پێیە بە بنەما گرتنی یاسا لە پێناو دەستەبەر کردنی تێگەیشتنێکی بەرفراوان لە دۆخی هەنووکەو ئاسۆی پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا، عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی هەوڵێکی بێ ئاکامە. ڕوانگەی سێهەم لەسەر بنەمای هێز و بەرژەوەندی نەتەوەیی هەوڵ دەدا وێنەیەکی بەرفراوان لە پێوەندییەکانی ئەمریکا، عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی ئێران نمایش بکا. لە سەرەتادا بەراوردی هێز و بەرژەوەندی هەریەک لەو سێ وڵاتە لە ئاستی نێوخۆیی، ناوچە و جیهاندا دەکەین:

**١_ عەرەبستانی سەعوودی:**

عەرەبستانی سەعوودی: جیهان ئەو وڵاتە بە دوو شت دەناسێ: ئەلف) نەوت: عەرەبستان گەورەترین هەناردەکەری نەوتە لە ئاستی دنیادا. ئەو وڵاتە ڕۆژانە زیاتر لە ٦ میلیۆن بۆشکە نەوت هەناردە دەکا. لە ڕاستیدا نەوت عەرەبستانی کردۆتە ئەندامی گرووپی G٢٠ ( بیست ئابووری بە هێزی دنیا). گرینگیی نەوتی عەرەبستان تا ئەو ڕادەیە کە ئەمنییەتی وزەی جیهان بە ئەمنییەتی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت لەو وڵاتە بەستراوەتەوە. هەروەها عەرەبستان توانای ئەوەی هەیە کە لە ئەگەری ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی ئێرانەوە بە ئاسانی جێگەی ئەو وڵاتە لە بازاڕدا پڕ بکاتەوە. بەم پێیە نەوتی عەرەبستان چەکێکی پڕ بەهایە کە وڵاتانی دیکە بۆ دۆستایەتی لەگەڵ عەرەبستان هان دەدا و لە ئاکامی دوژمنایەتی کردن، هۆشیاریان دەکاتەوە.

ب) مەکە و مەدینە: ساڵانە چەند میلیۆن موسڵمان بۆ ئەنجامدانی حەج سەردانی عەرەبستان دەکەن و پوولێکی بێ ئەژمار دەخەنە گیرفانی شانشینی ئەو وڵاتە. هەبوونی مەکە و مەدینە لەو وڵاتە شوێن و پێگەی تایبەتی بە عەرەبستان لە نێو جیهانی عەرەبی و ئیسلام بەخشیوە. لە ڕاستیدا کەعبە (ماڵی خودا) لە شەڕی نوێنەرایەتی کردنی ئیسلامی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا، قورساییەکی تایبەتی بە عەرەبستان داوە.

بەم پێیە نەوت و مەکە دوو سەرچاوەی بەهێزبوونی عەرەبستان دێنە ئەژمار کە واپێدەچێ ئاسۆی تەواو بوونیان نادیار بێ. ئایا هەبوونی نەوت و مەکە ئەمنییەتی هێز و پێگەی جیهانی عەرەبستان دەپارێزن؟

شانشینی عەرەبستان وڵاتێکە بێ حیزبی سیاسی، بێ پارلمان، بێ هەڵبژاردن و دواجار بە دوور لە دێموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ. ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕێگەی بە ژنان داوە کە خاوەنی کارتی پێناس بن. دیارە بە حوکمی ئەوەی لە ڕوانگەی پیاوانی ئایینیی عەرەبستانەوە ژن یا سەر بە باوکیەتی یان سەر بە مێردەکەی و ئەگەر ژنێک بیهەوێ لە شوناسی خۆی « کارتی پێناس» سوودمەند بێ بە واتای ئەوەیە کە بەرەنگاری باوک و مێردەکەی بۆتەوە. بەم پێیە سەرەڕای دەرکردنی ئەو یاسایە زۆربەی ژنانی عەرەبستان خۆیان لە وەرگرتنی کارتی پێناس بە دوور دەگرن. هەروەها کچان و کورانی ئەو وڵاتە لە هەموو ئاستەکانی خوێندن لە یەکتر جیا کراون. دەتوانین بڵێین بەشداریی ڕۆژانەی ژنانی عەرەبستان لە ڕادەی نەبوون دایە و ئەوان وەک مرۆڤەکانی شەو لە قەڵەم دەدرێن. لە ڕاستیدا لە سۆنگەی دێموکراسی و مافی مرۆڤەوە عەرەبستان جوغرافیای سیاسی و کۆمەڵایەتی نەگۆڕدراوی جیهانە. دیارە هەتاکوو ئێستاکە بە هاوکاریی سیاسەتی دووانەی ڕۆژئاوا لە هەمبەر دێموکراسی و مافی مرۆڤ ئەو جوغرافیایە لە گۆڕان حەشار دراوە. ڕاگەیەندنەکانی جیهانی کە لە چنگ سەرمایەدارەکان دان بە هۆی بەرژەوەندی ئابووری و نەوت خۆیان لە ڕاستیی نەبوونی دێموکراسی و پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە عەرەبستان،دزیوەتەوە بەڵام لە ئێستادا هەڕەشەیەکی گەورە بەرەو عەرەبستان بەڕێوەیە.

گۆڕانەکانی جیهانی عەرەبی بەرەو ئەوە دەڕۆن کە کۆتایی بەسەر مافی خاوەندارێتیی تایبەتی ڕۆژئاوا بەسەر دێموکراسی و مافی مرۆڤ بهێنن. لە ئاکامی ئەو گۆڕانانەدا، کولتووری خۆپێشاندان، دەنگ هەڵبڕین، هەبوونی شوناس و کەسایەتیی تاکەکەسی و گرووپی، چەکەرەی کردوە. گەشەی ئەم کلتوورەیە کە سەرەکیترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمنییەتی سەرچاوەکانی هێزی عەرەبستان. دیارە ئەو شەڕەی شانشینی سعوودی و کۆماری ئیسلامی لەسەر ئیسلامی ڕاستەقینە و لە قاڵبی شیعە و سوننی دا دەیکەن شتێک نییە جگە لە هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردنی خەڵکەکەیان. هەروەها شانشینی سعوودی هەڕەشەی گۆڕانەکانی میسر، توونس و لیبی لە هەڕەشەی ئەو گۆڕانەی کە لە سووریە، یەمەن، بەحرەین و. بەڕێوەیە، بە کەمتر لە قەڵەم نادا.

**٢_ کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

کۆماری ئیسلامیی ئێران: هەرچەند کە ئێران توانیوێتی بە خۆ نزیک کردنەوە لە ڕووسیە و چین و کردنی ئێران بە جوغرافیای نفووز و ڕێبەریی ئەو دوو وڵاتە ئەمنییەتی پێگەی خۆی زیاد بکا، بەڵام ئەو سیاسەتە ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی هێزی ئێران ناگێڕێ. هێزی سەرەکیی ئێران بە بەکارهێنانی چەک و تیرۆر لە سیاسەت کردن دا بەندە. ئەو وڵاتە بە بنیاتنانی پێوەندییەکی چەند قۆڵی لەگەڵ سووریە، حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان لە ئاستی عێراق، ئەفغانستان، سووریە و بە گشتی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سیاسەتی چەک و تیرۆر پراکتیزە دەکا. دیارە ئەزموونی حکوومەتداریی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی سیاسی، ئابووری و، ئەزموونێکی تێک شکاوە کەوایە جگە لە پەرەدان بە سیاسەتی چەک و تیرۆر شتێکی نییە کە هەناردەی ناوچەکەی بکا. لە ئێستادا سیاسەتی چەک و تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بە توندی خراوەتە ژێر گوشارەوە. لوتکەی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە لە سووریە دایە کە لە لایەک خەڵک و لە لایەکی دیکە تۆپ و تانگ و فیشەک ئامادەیە. هەروەها کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆیی‌دا دوابەدوای نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٠٩، کە بە هۆی ئەنجامی ساختەکاری لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ڕوویدا و بە شێوەیەکی دڕندانە خەڵک سەرکوت کران، ڕەواییەکەی بە توندی دابەزیوە. هەبوونی نارەزایەتیی بەرین لە ئاستی نێوخۆیی دا و ئەنجام نەدانی چاکسازی لە لایەن ڕێژیمەوە مەیدانی بە نیزامی کارەکان داوە کە لە بەرامبەر سەرکوتی نارازییان دا ڕۆژبەڕۆژ نفووزی زیاتر لە دەسەڵات پەیدا بکەن و کۆماری ئیسلامی بەرەو دیکتاتۆرییەکی نیزامی پەلکێش بکەن.

بەم پێیە چەک و ڕێگەچارەی نیزامی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دا جێگەیەکی سەرەکی هەیە. دیارە ئەوە بە واتای ئەوە نییە توانای نیزامی ئێران زۆرە بەڵکوو بە واتای ئەوەیە ئاستی کەڵک وەرگرتن لە چەک و تیرۆر یەکجار زۆرە.

**ئەمریکا:**

٣_ ئەمریکا: ئەو وڵاتە هەتاکوو ئێستاکەش لە باری سیاسی، ئابووری، تەکنەلۆژی و... بەهێزترین وڵاتی جیهانە. بەڵام ئەمریکا ئێستاکە ڕێبەری جیهان نییە. دیارە ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی جیهاندا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەرە بەڵام ئەو ڕۆڵە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە نییە. لە ڕاستیدا داهاتووی جیهان داهاتوویەکی لێڵ و کراوەیە بۆ هەموو وڵاتەکان. خودی ئەمریکاش کەوتۆتە نێو بازنەی کاریگەریی پرۆسەی بە جیهانیبوونەوە. پرۆسەی بە جیهانیبوون کۆتایی بە بڕوابوون بە حیکایەتە گەورەکان، بە ئەوەی کە ڕۆڵی وڵاتێک (ئەمریکا) یەکلاکەرەوە بێ، هێناوە. بەم پێیە لە دەرەوەی هێزی ئەمریکا و تەنانەت لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەش دەکرێ زۆر کردەوە ڕوو بدا. جگە لەمە سیاسەتەکانی ئەمریکاش لە سەر بڵاوکردنی تۆوی بێ‌متمانەبوون بە مودیرییەتی جیهانیی ئەو وڵاتە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە. گرینگترین سیاسەتە تێکشکاوی ئەمریکا بریتین لە: ١. هێرشکردنە سەر ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١: ڕووخاندنی حکوومەتی تاڵیبان و لە ئاکامدا ناسەقامگیریی ڕەوشی ئەمنی، ئابووری و سیاسی ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠١١. لە هەمووی گرینگتر هەنووکە خەڵکی ئەفغانستان ئەمریکاییەکان بە دۆست و ڕزگاریدەری خۆیان نازانن.

٢. هێرشکردنە سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣: ڕووخاندنی حکوومەتی سەدام حوسێن بە بیانووی هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ و دواجار ڕەوشی عێراق لە ساڵی ٢٠١١ بە جۆرێکە کە خەڵکی شارەکانی بەغدا، موسڵ، کەرکووک و... لەگەڵ تەقینەوەکانی ڕۆژانە ڕاهاتوون. هەروەها ڕاگەیاندنی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە هەلومەرجێکدایە کە وێنەی عێراق لە جیهاندا نە دیموکراسی و نە ئاسایشی تێدایە بەڵام پڕە لە تەقینەوە، ترس و نائومێدی.

٣. ئەمریکا بەردەوام هەوڵیداوە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی لە ڕێگەی خەملاندنی دیموکراسی مسۆگەر بکا بەڵام ڕووداوی ١١ی سێپتامبەر نیشانیدا کە تیرۆریزم تەنیا بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناگرێ بەڵکوو تیرۆریزم هەڕەشەییەکی جیددییە بۆ سەقامگیریی ئەمریکا و جیهان. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرەکیترین بنکەی یارمەتیی ماددی و مرۆیی گرووپە تیرۆریستییەکانە و سیاسەتی دووانەی ئەمریکا لە هەمبەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە خزمەت مانەوەی ئەو گرووپانە دایە.

هەنووکە دوای بەراورد کردنی هێز و بەرژەوەندی ئەمریکا، عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر داهاتووی پێوەندییەکانی ئەو سێ وڵاتە بە سێ ئاکام دەگەین:

**ئاکام:**

١. ئەمریکا لە باری نیزامییەوە لاوازە. ئەو لاوازییە بە واتای نەبوونی چەکوچۆل و شەڕکەر نییە بەڵکوو بە واتای قبووڵ نەکردن و ئامادەنەبوونی بەستێنی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی بۆ پراکتیزە کردنی ڕێگەچارەی نیزامی ئەمریکایە.

زۆر دژوارە دەوڵەتی ئەمریکا بەشەڕ ڕووبەڕووی ئێران یا وڵاتێکی دیکە بێتەوە بەڵام هەوڵ دەدا لە قۆناخی یەکەمدا بانکی ناوەندیی ئێران بایکۆت بکا. بانکی ناوەندی دوو ئەرکی سەرەکیی هەیە: الف) مامەڵەکانی فرۆشی نەوت لە ڕێگەی بانکی ناوەندی ئەنجام دەدرێ و پارەی فرۆشتنی نەوت دەدرێتە ئەو بانکە ب)پاشکەوت کردنی پارەی ئێران لەو بانکە ئەنجام دەدرێ. بەم پێیە بایکۆتی بانکی ناوەندی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بایکۆتی نەوت و گازی ئێرانە. هەروەها بایکۆتی بانکی ناوەندی، پاشکەوت کردنی پارەی وڵات تووشی گرفت دەکا و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت توانایی مالیی پێویستی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە گەورەکان نەبێ. دەرئەنجام بایکۆتی بانکی ناوەندیی ئێران گوشارێکی گەورەی ئابووری دەخاتە سەر ئەو وڵاتە.

٢_ ئەمریکا و عەرەبستان هەوڵ دەدەن بە هاوکاریی یەکتر لە دوو ڕێگەوە گوشار بخەنە سەر هێزی کۆماری ئیسلامی:

الف) عەرەبستان بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی زیاتری نەوت و دابەزاندنی نرخی نەوت دەتوانێ ئێران ڕووبەڕووی خەسارێکی گەورەی ئابووری بکاتەوە. هەروەها عەرەبستان هەوڵ دەدا بە دەرکردنی سووریە لە یەکیەتیی عەرەب هەڕەشەکان بۆسەر جوغرافیای نفوزی ئێران زیاد بکا. دیارە جگە لەم ڕێگەیانە عەرەبستان دەتوانێ بە نەوت، چین و ڕووسیە لە ئێران دوور کاتەوە.

ب) ئەمریکا بە بردنی دۆسیەی سووریە بۆ شووڕای ئەمنییەت و دواجار بە لیبی کردنی سووریە هەوڵ دەدا جوغرافیای نفووزی ئێران بەرتەسک بکاتەوە.

٣_ ئەمریکا هەوڵ دەدا خەڵکی ئێران بۆ قبوولی هاوکاری کردنی ناتۆ NATO ئامادە بکا. ئامریکا لەو پێوەندیەدا بە جیددی هەوڵی بەهێز کردنی نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەک کوردەکان، عەرەبەکان، بەلووچەکان، تورکەکان و تورکەمەنەکان دەدا چونکە ئەو نەتەوانە بۆ پێشوازی کردن لە ناتۆ ئامادەیی زیاتریان هەیە.

دیارە نەتەوەی باڵادەست لەگەڵ هاتنە مەیدانی ناتۆ بۆ ئێران دژایەتی هەیە بەڵام نە بە هۆی ئەوەیە دیموکراسی بە هۆی چەک بە دەست نایە بەڵکوو لەبەر ئەوەیە بە هاتنی هێزی دیکە بۆ ئێران کۆتایی بە باڵادەستیی ئەوان دێ. هۆکاری ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەمێژووی هاوچەرخی ئێراندا نەتەوەی باڵادەست دواجار بە زور و چەک قەناعەتی بە کورد، عەرەب، توورک، بەلووچ و توورکەمەن هێناوە. لەوپێوەندیەدا پێویستە کوردەکان بە هەموو تواناوە هاوکاریی ناتۆ بکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی کۆتایی هاتنی هاوکات بە دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامی و باڵادەستی لە چنگ نەدەن.



# پلانێکی هاوبەش بۆ پیلانێکی رەش

## ( پلانێکی هاوبەشی دام و دەزگا سەرکوتکارەکانی رێژیم بۆ فریودانی خەڵکی کوردستان )

سیروان مووساپوور

لە دوای هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران هەندێک لە دام و دەزگا سەرکوتکارەکانیش یان لەسەر بنەما و بناغەی ئۆرگانەکانی رێژیمی پێشوو بەڵام لە ژێر ناوێکی دیکەدا یان بە شێوەیەکی نوێ لە ئێراندا سەریان هەڵدا. ئیدارەی ئیتڵاعات، هێزی ئینتزامی و سوپای پاسداران وەک سێ لە دام و دەزگای سەرکوتکەر هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری رێژیمەوە رۆڵێکی بنەڕەتی و سەرەکییان لە سەرکوت و ئازاردانی خەڵکی ئێران بە تایبەت خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. سوپا بە بەشداری لە شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان و حیزبە کوردییەکان، جێگیرکردنی هەزاران مۆڵگەی نیزامی، بەکوشتدانی هەزاران رۆڵەی کورد(سەرباز) لە بەرەکانی شەڕ، هەروەها پەرەپێدانی بەجاش و بەسیج کردنی کەسانی نەفس نزم و وەڕێخستنی شەڕی کورد بە کورد و لە هەمووانیش مەترسیدارتر بەڕێوەبردنی زنجیرەیەک کردەوەی تیرۆریستی لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و دەیان کردەوەی دژە کوردانەی دیکە تا ئەو جێگەیەی توانیویەتی وەفاداریی خۆی بە رێژیمی دامەزرێنەری خۆی سەلماندووە. ئیتڵاعاتیش چ وەک وەزارەت لە ئاستی وڵاتدا و چ وەک ئیدارە لە ئاستی شارستانەکاندا، ئەوا بێگومان کار و کردەوکانی بۆ هەموو خەڵکی ئێران و کوردستان دیار و بەرچاون و کەم کەس لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە کە ئەگەر بۆخۆشی تامی تاڵی ئازارەکانی ئەو دەزگایەی نەدیتبێ، ئەوا هەر بە بیستنی ناوی، دیمەنێکی سامناکی بە پێش چاودا رادەبرێ و تەزوویەکی تەزێنەری بە لەشدا دێ. باسکردنی ئەشکەنجەگاکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجە و دەرکردن و بەڕێوەبردنی دەیان و

**ئەو هێزەی کە ئەرکی پاراستنی نەزم و رێکوپێکی وڵاتی لە ئەستۆیە، لە کوردستاندا کاریان راوەدوونان و گرتن و کوشتنی خەڵکی کاسبکار و بێدیفاعە**

سەدان حوکمی نادادپەروەرانە تەنیا ئەو کەسانە توانای گێڕانەوەیان هەیە کە ئەم شتانەیان بە چاوی خۆیان بینیوە و دۆست و هاوڕێیان لە پەنا دوور خراوەتەوە و تەرمی بێگیانیان دراوەتە دەست بنەماڵەکانیان ئەویش بەو مەرجەی تەنیا لە دڵی خۆیاندا پرسەیان بۆ دابنێن. تا ئەو جێگەیەش کە بۆ هێزە ئینتیزامیەکان دەگەڕێتەوە تەنیا ئەوەندە بەسە کە لە کاناڵەکانی راگەیاندن ببینین و ببیستین کە رۆژانە هەر لە سەر سنوورەکان چەند کەس بە تاوانی قاچاغچێتی دەدرێنە بەر دەسڕێژی چەکی ئەم هێزانە کە لە راستیدا تەنیا خەریکی پەیدا کردنی پاروە نانێکن بۆ منداڵەکانیان. ئەو هێزەی کە ئەرکی پاراستنی نەزم و رێکوپێکی وڵاتی لە ئەستۆیە، لە کوردستاندا کاریان راوەدوونان و گرتن و کوشتنی خەڵکی کاسبکار و بێدیفاعە.

ئەوەیکە هەتا ئێرە باسی لێوەکرا، تەنیا گۆشەیەکی بچووک و لە راستیدا یەک لە هەزاری تاوان و جینایەتەکاتی ئەم دامودەزگا سەرکوتکارانەی رێژیمن کە لە پێناوی خزمەت بە رێژیمە کۆنەپەست و خوێنخۆرەکەیاندا هەرچی زیاتر پەرەئەستاندنی کێشە و ئاژاوە لەنێو شار و گوندەکانی کوردستاندا. نموونەی لەم چەشنە گەلێک زۆرن و کەم شار و گوندی کوردستان هەیە کە لە کاتی هاتنە پێشەوەی گرژی و ناکۆکی لەنێو عەشیرە و تایفە یان هەندێک بنەماڵە لەگەڵ هەندێک بنەماڵەی دیکەدا نەکرابنە ئامانجی بەڕێوەچوونی ئەم پلانە هاوبەشە و لە داوی پیلانی پیلانگێڕان نەکەوتبن. بێجگە لەوەش زۆر جار لە کاتی تەسلیم بوونەوەی ئەندامانی یەکێک لە پارتە کوردییەکان بەرهەڵستکاری رێژیمیش ئەم پلانە هاوبەشە هەر لە گۆڕێدا بووە و یەکێکیان زیاتر خۆی بە پشتیوان و داژداری ئەو تاکە زانیوە و تەنانەت لە لای ئەو بە چەشنێک باسی دەزگاکەی دیکەی رۆزی بەخشی خەڵکی هەژار و بێدەرەتانن. جا لێرەدایە کە زۆر جار ئەم رۆچنە هیوابەخشە دەبێتە گۆڕەپانی بەڕێوەچوونی ئەم پلانە هاوبەشە و ئەگەر بەرژوەندییەکی ماددی کەمی بۆ کاسبکار و کۆڵبەرەکانی سەرسنوور تێدایە، ئەوا بەرژەوەندییەکی سیاسی و گەورەتریشی بۆ رێژیم بەدواوەیە. رێگا پێدان لە لایەن سوپاوە بە کۆمەڵە خەڵکێک و لە هەندێک رێگاوە و، پێش پێگرتنیان لە لایەن هێزی ئینتیزامی لە هەندێگ رێگای ترەوە، دەبێتە هۆی ئەوەکە هەندێک کەس مەیلیان بە لای سوپادا بشکێتەوە و تەنانەت وەک هێزێکی خەڵکیی و نزیک لە خۆیان سەیری بکەن. سوپاش لەم دەرەتانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە چەپەڵەکانی



دەیکەن. بەڵام لە بیریشمان نەچێ کە لە پەنا هەموو ئەو تاوان و ئازار خوڵقاندنانەدا، بەردەوام سیاسەتێکی شاراوە و مەترسیداریان بۆ فریودانی خەڵکی کوردستان بەکار هێناوە. جا هەندێک جار بە ورییایی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگە پووچەڵ کراوەتەوە و بەداخەوە زۆربەی کاتەکانیش توانیویانە تێیدا سەرکەوتوو بن.

بە رواڵەت خۆ بە دژی یەکتر نیشان دان و لە ژێرەوەش کلک تێک ئاڵاندن یەکێک لەو پلانە هاوبەشانەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری رێژیمەوە بۆ بەڕێوەبردنی پیلانێکی رەش لە لایەن هەندێک لە دام و دوزگا سەرکوتکارەکانی ئەو رێژیمە بە تایبەت لە نێوان ئیتڵاعات و سوپای پاسدارانەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە. زۆرجار لە کاتی شەڕ و کێشە لە نێو گوند یان شارێکی کوردستاندا، یەکێک لەم دوو دەزگایە پشتی لایەنێکی گرتووە و ئەوەی دیکەیان پشتیوانی لە لایەنەکەی دیکەی کێشەکە کردووە. لەم نێوەندەشدا زۆرجار خەڵک بە تایبەت خەڵکی ساویلکە وایان هەست کردووە کە بە راستی ئەم دامودەزگایانە داژدار و پشتیوانیانن، بێئاگا لەوەیکە ئەم پشتیوانیە تەنیا پلانێکی هاوبەشە بۆ کردوە کە کەسەکە وا هەست بکا بەڕاستی ئەمەیان باشتر لە ئەوەی دیکەیە. هەروەها لە کاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسیشدا لە لایەک بۆ زیاتر بەشداربوونی خەڵک و لە لایەک بۆ نانەوەی ئاژاوە، زۆر جار ئەم پلانەیان پێڕەو کردووە و هەر یەکەیان پاڵپشتییان لە کەسێکی دیاریکراو کردووە.

ئەمرۆکە بە خۆشییەوە بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی خەڵک تا رادەیەکی بەرچاو کێشە و گرژیی نێوان بنەماڵەکان و عەشیرە و تایفەکان لە کوردستاندا کەم و دەتوانین بڵێین لە ئاستی نەبوون دایە بەڵام ئاخۆ هیچ مەیدانێکی دیکە نەماوە کە بەڕێوەبەرانی ئەم پلانە شوومانە بتوانن کلکی ئاژاوەخوازیی خۆیانی تێدا هەڵسووڕێنن؟. ئێستاکە وەک هەموو لایەک ئاگادارن نرخی بێکاری بە گشتی لە ئێراندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و لە کوردستانیش بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان کە لە هەموو چەشنە کۆمپانیا و کارگە و کارخانەیەکی بەرهەمهێنان و شوێنی گەورەی کارکردن بۆ خەڵکێکی زۆر بێبەشن، ئەوا بێگومان بێکاری زۆرترە و لە زۆر لە ناوچە سنوورییەکان، سنوورەکان تەنیا رۆچنەیەکی کە لە راستیدا ئامانجی گشت دام و دەزگا سەرکوتکارەکانی رێژیمن، کەڵک وەردەگرێ و تا ئەو جێگەیەی لە توانای دابێ، بە خزاندنەناوی کەسانی خۆفرۆش و نەفس نزم لەنێو ئەم خەڵکە هەژار و بێدەرەتانەدا، بە مەبەستە شوومەکانی دەگا.

ئەوەیکە پێویستە لێرەدا بڵێین ئەوەیە کە ئەگەرچی بەڕاستی پەیداکردنی بژیوی ژیان لەسەر سنوورەکان وەک نان لەسەر پشتی شێر هێنانە خوارە، بەڵام هاونیشتمانە ئازیزەکانیشمان ئەوە باش دەزانن کە هێزە سەرکوتکارەکانی رێژیم سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانی نێوخۆیان، ئەوا لە پێوەندیی لەگەڵ کورددا هەروەک بەرپرسە پایەبەرزەکانی سەروو خۆیان یەکدەنگ و هاوهەڵوێستن. جا ئەگەر جاروبار هەندێک نەرمی و پیاوەتییەکی رواڵەتی دەرحەق بە خەڵک دەنوێنن، ئەوە نە سیلەی بەزەییان جووڵاوە و نە دڵی وەک بەردیان لە حاست کورددا نەرم بووە، بەڵکوو تەنیا و تەنیا بە مەبەستی سیاسییە و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردن و فریودانی خەڵکە. جا چ بۆ بەشداریکردن و راکێشانی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بێ و چ بۆ ....؟

---

درێژەی:

# قاتڵی جاڵجاڵووکەیی لە ئێراندا ماوە؟!

کۆماری ئیسلامی لە پەرەسەندنی ئەم بیرکردنەوەکارەساتبارەدا نەخشی سەرەکییان هەیە. سەعید حەنایی نموونەیەکی ئاشکرای سەربازان و موریدەکانی خامنەیی و خومەینیی جینایەتکار بوو. حەنایی بە قسەی خۆی و زۆر کەسی دیکە لە رووی وەزیفەی شەرعییەوە قەتڵی ئەنجام داوە و پێی وایە وەزیفەیەک کە لە شەڕی ئێران و عێراق دا ئەنجامی داوە، ئێستاش هەر درێژەی ئەو ئەرکەیەتی بەڵام بەم شێوەیە. بۆیە ئاوا بە شانازی و بڕوابەخۆبوونەوە باس لە ئەرکە شەرعییەکەی! خۆی دەکا. لێرەدا بە روونی دەردەکەوێ ئیمام و رێبەرەکانی باشیان پەروەردە کردوە، ئەویش دەرسەکەی باش وەرگرتوە! .

شەڕ، سەرچاوەی زۆر رۆژرەشی و بەدبەختییە. ٨ ساڵ شەڕی بێئاکامی ئێران و عێراق ئەم وڵاتەی لە هەموو لایەنێکەوە وێران کرد. دەبێ پرسیار لە دەسەڵاتداران و ئەوانەی بەم دەسەڵاتە وەفادارن بکرێ کە چ شتێک بۆتە هۆکاری رۆژرەشی و بێچارەیی ئەم ئینسانانە کە سەعید حەنایی و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بە گوناهکار و تاوانباریان دەزانن؟

تا نیزامێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێ گیانی مرۆڤە بێدەرەتانەکان لەئاست ئەو بیرکردنەوە ترسناکە (وەزیفەی شەرعی و ئیسلامی)ی حەناییەکاندا، هەروا بێ نرخ دەبێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئەم باوەڕە لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوە هەر بۆیە مرۆڤ نرخی نەماوە و بەلای زۆر کەسەوە کوشتنی ئاسان و ئاسایی بووە . دیارە بەشێک لەم بیرکردنەوانە بە هۆی ساختاری سوننەتیی کۆمەڵگەی ئێران هەر هەبووە، بۆ نموونە کوشتنی نامووسی پێش کۆماری ئیسلامییش لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەبووە، بەڵام قانوون و رێساکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا ئەم بیرکردنەوەیەی بەهێزتر کردوە.

ئەم رێژیمە بە ناوی «امر بە معروف و نهی از منکر» جگە لەوەی بۆخۆی خەڵک دەگرێ و دەکوژێ و ئێعدام دەکا تاکەکانیش رادەسپێرێ بە ناوی جێبەجێکردنی راسپاردەی ئایینی، بەرەورووی تاکەکانی دیکە ببنەوە و سزایان بدەن و ناپاکییەکان لەنێو بەرن. بەڵام ئەمانە نەک کەمترین چارەسەر نەبوون بۆ کێشە کۆمەڵایەتییە و سیاسییەکان، بەڵکوو پاڵنەری توندوتیژی و ئینسان کوشتن بە ناوی پاراستنی نامووس لە کۆمەڵگەدا بەداخەوە پەرەی سەندوە.

بەڵام بۆ پێشگرتن لەم کارەساتانە چ بکرێ؟ مازیار بەهاری کارێکی بە نرخی کردوە و دەستی لەسەر برینێک داناوە و پرسیاری دروست کردوە. شارەزایانی بواری فیلمسازیی بە کارەکانیان دەتوانن کاریگەرییان هەبێ لەسەر روانینی خەڵک. بەتایبەتی ئەم بوارە (فیلم و سینەما) ئینسانە نەخوێندەوارەکانیش دەتوانن سوودی خۆیانی لێ ببینن و لەم رێیەوە ئەم شێوە روانینە دژە مرۆیی و شەرماوییە بسڕنەوە.

کوشتنی نامووسی لە وڵاتانێکدا روودەدا کە پێوەندیی دوو لایەنە هەیە لە نێوان سوننەت وکولتوور و قانوونی وڵاتەکە دا. رەوایی دان بە قەتڵی نامووسی بە ناوی پاراستنی ئابروو و سڕینەوەی بێئەخلاقی لەلایەن کەسانێکەوە، ئەگەر پشتوانەی ئایینی و قانوونییش هەبێ، پێشێلکاری ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە.

لە وڵاتی ئێران زۆرن ئەو کەسانەی وەک حەناییەکان بیردەکەنەوە بەڵام خەڵکانێکیش هەن کە دەتوانن پێش بەو بیرکردنەوەیە بگرن و خەڵکی لەو تاوانە دڵتەزێنانە ئاگادار بکەنەوە، ئەگەر کردەوەکەی سەعید حەنایی لەلایەن خەڵکەوە ریسوا و شەرمەزار بکرێ، کور و بنەماڵەکەی سەعید حەنایی ناتوانن ئاوا بە شانازییەوە باس لە کارە چەپەڵەکەی ناوبراو بکەن و دیفاعی لێ بکەن.

# چیرۆکی ژیان!

ن : محمود نامنی

و : ئاسۆ خەبات

مێژوونوسان دەنوسن : ڕۆژێ ئەسکەندەر هێرش دەکاتە سەر یەکێک لە شارەکانی ئێران، بەوپەڕی سەرسووڕماوییەوە دەبینێت کە دەروازەی شار کراوەیە و لەگەڵ ئەوەی کە هەواڵی هاتنی ئەو لە شاردا دەنگی دابۆوە،بەڵام خەڵک ژیانی ئاسایی خۆیان دەبردە سەر.

ئەم کردەویە بۆ ئەسکەندەر جێگای سەرسووڕمان بوو،چوونکە لە هەر شارێ دەنگی سمی ئەسپەکانی لەشکەری ئەویان دەبیست،بەشێک لە خەڵکی شار بێهۆش دەبوون و ئەوانیتر پەنایان دەبردە ناو ماڵ و نێو دووکانەکان،بەڵام لێرە ژیان بە شێوەی سروشت ئاسا هەڵدەسووڕا.

ئەسکەندەر لە ڕق و تووڕەییان شمشێرەکەی ڕادەکێشێت و لە سەر ملی یەکێک لە پیاوانی شاری ڕادەگرێت و دەڵێت:ئەمن ئەسکەندەرم!

پیاوەکەش بە هێمنی وەڵام ئەداتەوە: منیش کوڕی هەباسم!

ئەسکەندەر بە تووڕەییەوە دەگوڕڕێنێت: من ئەسکەندەری مەغدوونیم، کەسێک کە ئاگر لە شارەکان بەر ئەدا،بۆچی لە من ناترسی؟

پیاوەکە وەڵام دەداتەوە: من تەنیا لە یەکێک دەترسم،ئەویش خوایە.

ئەسکەندەر ناعیلاج لە پیاوەکە دەپرسێت:پاشای ئێوە کێیە؟

پیاوەکە ئەڵێت: ئێمە پاشامان نیە!

ئەسکەندەر بە تووڕەییەوە دەپرسێت ئەی{ڕێبەرتان،گەورەتان}؟

پیاوەکە ئەڵێت: ئێمە تەنیا یەک ڕیش سپیمان هەیە،ئەویش لەو سەری شاری دەژیت.

ئەسکەندەر لەگەڵ پۆلێک لە بەرپرسانی لەشکەری خۆی،بەرەو شوێنێک کە پیاوەکە نیشانی دابوون،وەڕێ دەکەوێت..لە نێوەی ڕێگا بە حەپەساوی لەو قوڵکانە دەفکری، کە وەکوو قەبرێک لە پێش دەرگای هەر ماڵێک هەڵکەندرابوون!.

پاش تاوێک دەگەنە قەبرستانێک، ئەسکەندەر بە سەر سووڕماویەوە سەیر دەکات لە سەر کێلی قەبرەکان نووسراوە «کوڕی هەباس یەک کاتژمێر ژیاو مرد» کوڕی عەلی یەک ڕۆژ ژیاو مرد،کوڕی یۆسف دە خولەک ژیاو مرد..

ئەسکەندەر بۆ یەکەم جار لە ترسان لەشی ڕەسەر ئارەق دەکەوێت و بە خۆی دەڵێت: ئەرێ ئەوانە بەشەری ڕاستین،یا جندۆکە و شتی وان؟!.

پاشان دەگاتە شوێنی ڕیش سپی شارەکە و دەبینێت،پیاوێکی کزی موو سپی لە ناو خێوەتێک دا دانیشتوە و کۆمەڵێک خەڵکیش لە دەوری هاڵاون،ئەسکەندەر دەچێتە پێشێ و دەڵێت: تۆ گەورە و ڕیش سپی ئەو خەڵکەی؟

پیاوە پیرەکە دەڵێت: بەڵێ، من خزمەتکاری ئەو خەڵکەم.

ئەسکەندەر دەڵێت: ئەگەر بمهەوێ بتکوژم،چی دەکەی؟

پیاوە پیرەکە بە هێمنی و لە سەرەخۆیی چاوێکی لێدەکات و دەڵێت: باشە بمکوژە! ویستی خوا ئەوەیە کە بە دەستی تۆ بکوژرێم!

ئەسکەندەر دەڵێت: ئەگەر وایە ناتکوژم تا بە خودای تۆی بسەلمێنم کە ژیانی تۆ لە چنگی من دایە!

پیرەپیاوەکە دەڵێت: دیسانیش هەر ویستی خوایە کە بمێنم و باری گوناحەکانم قورستر بێت!.

ئەسکەندەر مات و سەرلێشێواو دەڵێت: ئەی پیرە پیاو من تۆ ناکووژم بەڵام مەرجێکم هەیە؟

پیاوە پیرەکە دەڵێت: ئەگەر دەتهەوێ بمکووژە،بەڵام مەرجی تۆ قەبووڵ ناکەم!

ئەسکەندەر دەستەوەستان و بێزار دەڵێت: دەی باشە دوو پرسیارم هەن وەڵامم بدەوە و من لێرە دەڕۆم.

پیاوە پیرە گوتی: باشە فەرمووو:

ئەسکەندەر پرسی: بۆچی لە بەر دەرگای هەر ماڵێک قوڵکەیەکی هاوشێوەی قەبری لێیە؟ هۆکاری ئەمە چیە؟ پیاوەکە گوتی: هۆکاری ئەوەیە کە هەموو بەیانیان کە لە ماڵ دێینە دەرەوە،بە خۆمان دەڵێین،فڵانکەس! لە کۆتایی دا ماڵی تۆ هەر ژێر ئەم خاکەیە، ئەگەر وایە وریا بە، ماڵی خەڵک نەخۆی و تەما لە ناموسی کەس نەکەیت،ئەوە دەرسێکی گەورەیە بۆ هەموو ڕۆژەکانی ژیانمان...

ئەسکەندەر دەپرسێت: ئەی بۆ چی لە سەر هەموو کێلەکان نووسراوە، فڵانکەس دە خولەک،یەک کاتژمێر، یەک مانگ ژیاو مرد؟!

لە وەڵام دا پیاوەکە ئەڵێت: ئێمە لە کاتی سەرەمەرگی هەر کام لە دانیشتوانی ئێرەدا دەچینە سەرسەریان و ،باش دەزانین کە لە دوایین ساتەکانی ژیانیاندا، پەردەکان لە پێش چاویان لادەچن و ئیتر ئەوان لە هەل و مەرجی درۆ کردن و شتی وا دا نین.

چەند پرسیارێکی لێدەپرسین: چ زانستێک فێر بووی؟ فێر بوونی ئەو زانستە چەندی کێشاوە؟

– چ هونەرێک فێر بووی و چەندت تەمەنی خۆت لە سەر فێر بوونی ئەو هونەرە داناوە؟

– بۆ باشتر بوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک چەندە تێکۆشاوی و چەندت کات بۆ تەرخان کردوە؟

ئەو کە پێی لە سەر لێوی قەبرە،بۆ وێنە دەڵێت: لە هەموو ژیانمدا بۆ ماوەی یەک مانگ،ڕۆژی یەک کاتژمێر زانست فێر بووم،یا بۆ فێر بوونی هونەرێک بۆ ماوەی یەک حەوتوو،ڕۆژێ کاتژمێرێکم هەوڵ داوە، یا دەڵێت ئەگەر خێر و چاکەیەکیشم کردبێت هەمووی بۆ خۆ هەڵکێشان و خەڵک فریودان بووە،بەڵام شەوێکیان کە دەمزانی دراوسێکەمان برسییە،هێندێکم نان کڕی و بە دزیەوە چوومە بەر دەرگاکەیان و توورێنە نانەکەم لە پاش دەرگا دانا و گەڕامەوە!

دوای ئەوەی کە ئەو کەسە ئەمرێت،ئەو ماوەیەی کە خەریکی فێربوونی زانست بووە لێکی ئەدەینەوە و لە سەر کێلەکەی دەنووسین: ( کوڕی یۆسف یەک کاتژمێر ژیاو مرد!)

یا ئەو ماوەیەی کە بۆ فێر بوونی هوونەر تەرخانی کردووە لێکی ئەدەینەوەو لە سەر کێلی قەبرەکەی دەنووسین:( کوڕی عەلی حەوت کاتژمێر ژیاو مرد!).

یا ئەو ماوەیەی کە بۆ باش بوونی ژیانی خەڵک تێکۆشاوە ئەژمار دەکرێت و دەنووسین: ( کوڕی یۆسف یەک کاتژمێر ژیاو مرد!)

یانی؛ ژیانی بە کەڵکی کوڕی یۆسف یەک کاتژمێر بووە!!

بەم شێوەیە ژیانی ئێمە کاتێ مانای حەقیقی بە خۆیەوە دەگرێت: کە لە سێ بەستێنی؛ زانست/ هونەر/ خەڵک/ دا دەکار کرابێ،ئیتر بەشەکەی تری هەمووی خەسارو زیانێکی لە دەست چووە و ناکرێ ناوی ژیانی لە سەر دابنرێت.

ئەسکەندەر مات و سەرسام شمشێرەکەی لەبەر پشتێنێ دەنێ و فەرمان بە لەشکەرەکەی دەدات؛ کە هیچ هێرش و پەلامارێک نەکەنە سەر خەڵک و خۆشی ڕێز و حورمەتێکی زۆر بۆ پیاوەپیرەکە دادەنێت و بە خەجاڵەتی و حەپەساوی لەو شارە دەچێتە دەرەوە!

ئێوەش بیر بکەنەوە: ئەگەر یاسایەکی ئاوا ڕەچاو بکرێت لە سەر کێلی قەبری ئێوە چی دەنووسن؟

---

# سەحەر



لەگەڵ کەوتنی ئەم گەلاوێژە خۆم بە قەفەزە پۆڵاینەکانی ئەودا هەڵواسی
بەڵام ئەفسوس نەمتوانی بەسانایی دەرگاکانی واڵا بکەم
دەرگاکانی ئەو قەفەسە
هەندێ جار میهری لەبەر دەڕۆیشت
و هەندێ جاریش دەبوون بە تابلۆیەکی ئەفسوناوی
زۆر جار کەناری ناو ئەو قەفەسە دەگریا
و
زۆرجاریش ئاوازی لەخۆی دەچڕی
ئای گوناهم کرد .... گوناه
بەچرنووکی نەورەسانە نەمتوانی کێلونەکانی ئەو قەفەسە بشکێنم
نەمتوانی بارانی بەسەردا ببارێنم ڕەنگە برۆنزیەکان بشۆمەوە
ئاه ... گوناهم کرد.... گوناه
هەرگیز ڕەنگەکانیش جێیان نەدەهێشتم و لە دوام نەدەبونەوە
کەلەپچەکانی سوجدەیان لەدەستم دەئاڵاند
خۆیان بە دامێنی گەرومدا هەڵدەواسی
و تینوێتیم نەدەشکا
خەنجەری لە خەیاڵم دەچەقاند
چ مرۆڤێکی نابینا بووم
هەرگیز دەرگاکانی ئەو قەفەسەم نەدەبینی و لێم دەبوون بەدەرگا ونبوە ئەبەدیەکان
چ مرۆڤێکی بێزمان بووم
وشەکانم لەکەنار دەریاکانی بێدەنگیدا بزر کرد
من غوبارێك بووم بەسەر تارمایی ئەودا
ڕەشەبایەکی بێ چرپە بووم
هەندێ جار بەئاستەم گەڵاکانی ئەوم دەجوڵاند
من پەژموردەترین باڵندە و
ئەو سەرابیترین یۆتۆپیا
من گەردەلولی ناو گێژەنەکانی خۆم بووم
ئەو قفڵ ڕێزی دەرگاکانی خۆی
من سەربازێك بووم لەسەنگەرەکانی خۆمدا دەنوستم
ئەو قارەمانێکی گوللەبەند
من پەیکەرێك بووم جادوگەرە گەمژەکان دەیان جوڵاندم
ئەو تابلۆیەك بوو تەلیسمی دەهاویشت
من دۆلفینێك بووم
لەودا مەلەم دەکرد و دەخنکام
باڵندەیەك بووم لەودا دەفڕیم و باڵەکانمی دەشکاند
لەودا دەژیام و لەودا دەمردم
لەودا دەمردم و لەحەشری ئەودا زیندوو دەکرامەوە
چ سەحەرێ بوو...
پەیتا پەیتا ئەستێرەی لێدەباری و دەگریان
هەموویان لەخۆڵەمێشی دارستانێکی پیر هەڵکێشرا بوون
چ دارستانێك بوو
هیچ ئەندازیارێك ڕێچکەی ڕێگاکانی نەدەبینی
هیچ باڵندەیەك پەی بە ڕوناکیەکانی نەدەبرد
چ ئاواز ژەنێ بوو
هەموو بیستنێکی کەڕ دەکرد
گەرووی ئاوی دەسوتاند
مەڕۆ
بەسەر خوێنی وشکەوە بووی ئەم خەنجەرەوە جێم مەهێڵە ... مەڕۆ
مەڕۆ و بەرلەوەی بڕۆی دەرگای شوراکانی وەهم قفڵ بدە
بەر لەوەی بڕۆی کەلەپچەی دەستی ئەم پەیکەرە بشکێنە و
کەلەسەری ئەم حەقیقەتە لە باوەشی مەنفا دەربێنە
بوەستە مەڕۆ
پێکێ لەم فرمێسکە یاقوتیانە تێکەڵ بە شەرابەکانی غوربەتی سەفەر بکە
بوەستە مەڕۆ
بزمارێکی دی بەمەچەکی ئەم مەسیحە بێگوناهەدا داکوتە
تا خوێنی ئەم تاوانە بتکێتە سەر ئەستۆی خەنجەرێکی نابینا
بوەستە مەڕۆ
نەورەسێك ئەیەوێت لە خەندەی نهێنیەکانی ئەم دەریایە
هەگبەیەك پرسیار ئاراستەی باران بکات
و
تاقیکردنەوە لەسەر مێژووی ئاو بکات
بوەستە مەڕۆ
پێش ئەوەی بڕۆی کارتی قوتابخانەی عەشق و
سفری وانەی بێدەنگیم بدەرە دەست
پێش ئەوەی بڕۆی نامە پشت گوێ خراوەکانی ناو پۆستەی
پۆستەچیە گەوجەکانم نیشان بدە ئەوجا بڕۆ
بەر لەوەی بڕۆی
بەهەور بڵێ
ئەم وەرزە وەرزی باران نەبوو
بەدارستان بڵێ
ئەم پاییزە وادەی هەڵوەرینی گەڵاکانی عەشق نەبوو
بەرلەوەی بڕۆی
گلەیی فەنابوون لە کەشکۆڵی ڕۆحتا تۆماربکە
بەنەیزەکێ ڕابگەیەنە کەس گوێ لەبالۆرە بێماناکانی ناگرێت
بەنەورەسێ بڵێ با چیدی خەون بە پاکیزەییەوە نەبینێ
بەرلەوەی بڕۆی
بەگوێچکەی بادا بچرپێنە کەی فڕینی گەردی ئەم نیگا شەیتانیانە کۆتایی دێت
ئای.... چ سەحەرێ بوو
هەموو پەڕاوەکانی گومانی لەمەملەکەتی شەهوەتدا نیغرۆ دەکرد
بۆ چرکەیەك بەئەسپایی ڕەهاکانی ئەقڵی تێك ئەشکاند
مانشێتی مەلەکوتەکانی ئاوەژوو دەکردەوە
لەسپێدەترین بەیانیەکانی خەیاڵدا گورگانە کەڵبەی لەفڕینم گیر دەکرد
بێ بەزەییانە
پۆشاکی ڕۆحی ئەم حەزرەتی ئەیبووبەی شیتاڵ شیتاڵ دەکرد
چەقۆی چرکەکانی باهۆزی ئەم حەقیقەتەی سەر ئەبڕی
فەهرەستی هەموو ئارەزووەکانمی دەشێواند و غەیب دەبوو
ببورن.. پێدەچێت کاتژمێر چیدی ڕاستیمان پێنەڵێ
چونکە . چونکە لەم باوێشکی تۆفانەوە هاتم ویەکەمین نەفرەت ماچی کردم
لەغوباری ئەم فڕینەوە لەشەقەی باڵم داو.. یەکەمین شکان دەستی گرتم
لەخۆرهەڵاتی ئەم تەمەوە یەکەمین هەنگاوم ناو .. دواهەمین کوێر بوون لە ئامێزی گرتم
دواهەمین دولبەرم ناسی و... یەکەمین بەهەشتم لێ ون بوو
هاتم و ویستم پێبکەنم
هەر خەندەیەکم لەژێر ئەرخەوانی مەملەکەتێکدا دەگریا
خۆم لەژێر ئەم چیایەدا حەشار داو .. خاکم بەسەردا رووخا
گەرەکم بوو بگەمە ڕۆشنایی ئەستێرە .. شەو بەرلەمن ناسیتی
لێوم نا بەلێوی خەیاڵەوە .. بەرلەوەی تامی بکەم زمانم سوتا
خستمیانە قوتابخانەیەك دەستێکم پڕبوو لە پێنوس و
دەستەکەی تریشم لە پاشەڕۆ
بردیانمە ناو باخچەیەك چاوم پڕبوو لەجوانی و
لوتم پڕبوو لە بۆگەن و ڕشانەوەی گوڵەکان
من لەناو مەخلوقێکدا گەمەم دەکرد
سینەم پڕبوو لە تینوێتی و دڵم پڕبوو لە وشەی نابینا
من لەناو هەزاران باڵندەی بێ سەردا گوزەرم دەکرد
کەچی بە دەنوك هەراسانیان کردبووم
من هێندەی گومانی نەورەسێك گوناهم کرد
بەڵام ئەوان بەکەڵبەی خۆشەویستی گەمارۆیاندام
دەگەڕام بۆ ئەوەی ڕێگاکانی بینین بناسم
کاروان چییەکانی عەدەم دەستیان ڕاکێشام
دەگەڕام بۆ ئەوەی دەرگاکانی عەدەم پارچە پارچە بکەم
بەڵام ئەفسوس
تەلیسمە زەمهەریرەکان قەرسیلەکانی ڕۆحمیان لە زبڵخانەکانی مێژوو هەڵکێشا
ویستم لە پرسەی خەمی باڵندە کوژراوەکانی تاقگەیەکدا
زۆرترین خەتم بە تەزبیحاتی فرمێسك بکەم
ویستم نەفرەت لە نوستنی سەر سنگی ئەم هەوارە بکەم و
چیدی ئەم خەوە بێمانایانەی ئابڕوویان نەتکێتە سەر ئەندێشەم
خەون لە خەو حەرام نەکەن
ڕۆژێك
ڕێم کەوتە سوپەر مارکێتی پینە چییەك
لەجیاتی ئەوەی بزمارە کەوشەکان دەربکێشێ
سۆزی بە بنی قەڵتاغە کۆنەکاندا دائەکوتی
وەرز بەهار بوو
بەر لەوەی خونچەکان ببن بە غوبار و دیار نەمێنن
بایەقوشێك لە بایەقوشە گەورەکانی دارستان هاتوو، وتی
من لەمەملەکەتی دۆزەخەوە هاتووم
لەنەتەوەی گڕکانم
هاتووم
تا فێری وانەی خۆڵەمێشتان بکەم .

**کامەران ڕەزا**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 570 6 nov 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## سەرکەوتنی وەرزشکارانی لاوی حدک لە پارێزگای هەولێر

تیمێکی وەرزشیی سەر بە کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرکەوتنی بەرچاوی لە، پێشبڕکێیە وەرزشییەکانی پارێزگای هەولێر دا وەدەست هێنا.

تیمێکی کۆنکفۆی سەر بە بەشی وەرزشیی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حدک بە ڕاهێنەریی سەلاح خەلیل بەیگی کە وێڕای ١٠ تیمی دیکەی هەرێمی کوردستان بەشدارییان لە پێشبڕکێیەکانی کۆنکفۆی پارێزگای هەولێر دا کردبوو، توانیویەتی لە ٤ کێشی ١٠٠، ٧٥، ٤٥ و ٣٥ کیلۆ دا پلەی یەکەمی ئەو پێشبڕکێیانە وەدەست بێنێ.

لەو پێشبڕکێیانەدا کۆردۆ وەنەوشە، ئەنسار ساڵحی، ڕێبوار مەحموودی و خانی قادرزادە توانیویانە پلەی یەکەم و ئاوات ڕەسووڵی و پێوەند پرکاڵ، پلەی دووهەم و ئالان قادری، پلەی سێهەم وەدەست بێنن.



## بەخشینی خەڵاتی بونیادی مێژووی زیندووی سوئێد بە ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی



بونیادێکی سوئێدی بە ناوی «بونیادی مێژووی زیندوو»، خەڵاتی ساڵانەی خۆی بە نەرگیس موحەممەدی، ڕۆژنامەنووس و جێگری سەرۆکی ناوەندی بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بەخشیوە. ئەوەش لە کاتێک دایە کە نەرگس موحەممەدی حوکمی ١١ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە و ناتوانی لە وڵات بچێتە دەرێ.

خەڵاتی «دەوڵەت و بونیادی مێژووی زیندوو»، هەموو ساڵێک بە ناوی یەکێک لە چالاکانی دێموکراسیخواز لە مێژووی سوئێد ناو دەنرێ و بە یەکێک لەو کەسانە دەدرێ کە لە دنیادا هەوڵ بۆ دێموکراسی دەدەن.

نەرگس موحەممەدی لە کاتێکدا وەک براوەی خەڵاتی «دەوڵەت و بونیادی مێژووی زیندوو»ی سوئێد لە ساڵی ٢٠١١ دا دیاری کراوە، کە لە وڵاتەکەی خۆی بە تۆمەتی ئەندامەتی لە ناوەندی بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ، ١١ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە.

نەرگس موحەممەدی دوای ڕاگەیەندرانی ئەو هەواڵە داوای لە دەوڵەتی ئێران کردوە کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی ئیزنی چوونە دەرەوە لە وڵاتی پێ بدەن، بەڵام وێناچێ کە داوایە لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە وڵام بدرێتەوە.

شایانی باسە لە کاتێکدا کە نەرگس موحەممەدی نەتوانێ لە ئێران بچێتە دەرێ، شیرین عیبادی، مافناس و براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل ڕۆژی ٢٣ی خەزەڵوەری ئەوساڵ بە نوێنەرایەتیی لە ناوبراو خەڵاتەکە وەردەگرێ.

## بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی کولتووری نەتەوەکان لە وڵاتی نۆروێژ



فێستواڵی کولتووری نەتەوەکان لە ژێر ناوی کولتوورمیکس لە شاری لیللەسترۆمی نۆروێژ بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ٧ی خەزەڵوەر فێستیواڵی کولتووری نەتەوەکان بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە پارێزگای ئاکەشهوس لە شاری لیللەسترۆم بەڕێوە چوو.

لەو فستیڤاڵەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی چالاکانەیان بەشێک لە کلتووری کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پیشانی بەشداران دا.

لەو فستیڤاڵەدا یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب سەرنجی ئامادەبوانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانیش بە ڕازاندنەوەی ستاندی تایبەت بە کوردانی ڕۆژهەڵات و سازکردنی خواردنی خۆماڵی و هەروەها پێشاندانی جلوبەرگی کوردی بەشداریی بەرچاویان لەو فستیڤاڵەدا کرد.

شایانی باسە بەفرین ڕۆستەمی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو فێستیواڵە، لە لایەن بەرپرسی شارەوانی شێسمۆوە بە پێدانی گوڵ ڕێزی لێ گیرا.

## کاندیدکرانی مەحموود دەوڵەت ئابادی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی لە بریتانیا

**مەحموود دەوڵـەت ئابادی نووسەری بەناوبانگی ئێرانی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبیی ئاسیایی «مەن» پاڵێورا.**

بەپێی ڕاپۆرتی بی بی سی ڕۆمانی «زوال کلنل» نووسینی مـەحـموود دەوڵــەت ئـابـادی، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی ئاسیایی «مـەن» لە بریتانیا دەست نیشان کرا.

ئەمساڵ دوازدە ڕۆمـان لە ژاپـۆن، ئێران، چین، پاکستان، کورەی باشوور و بەنگلادێش لە نێو ٩٠ بەرهـەم لە لیستی سەرەتایی وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی ئاسیایی «مەن» لە بریتانیا بوون.

مـەحـموود دەوڵــەت ئـابـادی لـە کـاندیداکانی وەرگرتنی ئەم خەڵاتەیە، ناوبراو ڕۆمانی نەمانی کۆلۆنێلی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٢ هەتا ١٣٦٤ ی هەتاوی دا نووسیوە و پاشان چەند جارێکی دیکەی بەسەردا هاتۆتەوە.



ئـەم کتێبە لـە یـەکـەم بـەرهـەمـەکـانی دەوڵـەت ئابادییە کـە پێش ئـەوەی کـە بـە زمـانی فارسی بڵاوبێتەوە، نووسـەر بە زمانی سوئیسی و ئاڵمانی بڵاوی کردبۆوە.

ڕۆمانی نەمانی کۆلۆنێل سەربردەی ئەفسەرێکی ئەرتەشی شای ئێرانە کە ژیانی ئەو و بنەماڵەکەی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە باس دەکا.

بە بڕوای ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەم ڕۆمانە جگە لـە ژیـان و بـەسـەرهاتی بنەماڵەی کـۆلـۆنـێل، بـاس لـە کـێشـە سیاسییە، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگەی ئێران دەکا.

نـاوەنـدی بـڵاوکـردنـەوەی «چشمە» لـە سـاڵـی ١٣٨٧ لـە هـەوڵـی وەرگـرتـنی ئیزنی بـڵاوکـردنـەوەی ئـەم ڕۆمـانـەدا بـوون بـەڵام کـاربـەدەسـتـانی وەزارەتـــی ئیرشـاد هـەتـا ئێستا نەیانهێشتوە کە ئەم ڕۆمانە بڵاو بکرێتەوە.

شایانی باسە خەڵاتی ئەدەبی ئاسیایی «مەن» لە ساڵی ٢٠٠٧ بە مەبەستی ناساندنی باشترین بەرهەمی ئەدەبیی ئاسیا دامەزرا و هەموو ساڵێ بە باشترین بەرهەمی ئەدەبی لە نووسەرانی وڵاتانی ئاسیایی کە بەرهەمەکانیان بە زمانی ئینگلیسی بڵاو دەبنەوە، دەدرێ.

## شەشەمین فێستیڤاڵی بەیت و حەیرانی سەردەشت کۆتایی پێ هات



شەشەمین فێستیڤاڵی بەیت و حەیران کە لە ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەرەوە بە بەشداری هونەرمەندانی نەتەوەیی کورد و چەندین کەس لە دەنگبێژو ژەنیارانی سەرانسەری ئێران دەستی بە کارەکانی کردبوو دوای دوو ڕۆژ کارو چالاکی ١٢ی خەزەڵوەر کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

لەم فێستیڤاڵەدا پتر لە ٨٠ دەنخۆش و ژەنیار بەرهەماکانی خۆیان پێشکەش کردو هونەرمەندە بە ئەزموونەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی ڕێگە خۆش کردن بۆ نەوەی نوێ لە کێبەرکێکاندا بەشدارییان نەکرد. هەر لەم فێستیڤاڵەدا هونەرمەندانی خۆراسان چالاکانە بەشدار بوون و توانییان بەشێک لە خەڵاتەکان بەرنەوەو بەشداری هونەرمەندانی ئازەریش بەرچاو بوو.

لەم فێستیڤاڵەدا باشترین بەیت بێژو هۆرەچڕ و حەیرانبێژو لاوکبێژو هەروەها گرووپی موسیقی و تاکژەنیش دیاری کران و لە لایەن شاندی داوەرانەوە خەڵات کران.



**ئانتێنی ماهوارەیی، دەردەسەرێک بۆ کۆماری ئیسلامی!**

بەر لە ماڵاوایی

## لە «ایام الله»وە بۆ «ایام الناس»

### (٣٢ ساڵ پاش ڕووداوی ١٣ خەزەڵوەری ١٣٥٨)

مەحموود شەریفی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە بەردەوام لە هەستی پۆپۆلیستیی جەماوەر بۆ مانەوە و درێژدان بە دەسەڵاتداریتیی خۆی کەڵکی وەرگرتوە. لەم پێناوەشدا بە ناولێنانی هەندێک لە ڕۆژە تایبەتییەکانی ساڵ بە ناوی «ایام الله» بەردەوام هەوڵی داوە خەڵکێکی زۆر بێنێتە سەر شەقامەکان و بەم شێوەیە ڕەوایی ( مشروعیت)ی جەماوەریی خۆی بخاتە پێش چاوی بیروڕای گشتیی خەڵکی دنیا. ئەو ڕۆژانەی کە ئەم ناوەیان لێ نراوە، ڕۆڵێکی بنەڕەتییان لە پتەوکردنی پایەکانی دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامیدا گێڕاوە. لەم نێوەدا ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەر گرینگی و جێگەیەکی تایبەتی هەیە. لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا کۆمەڵێک لە خوێندکاران لە ژێر ناوی خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام بە هاوڕێیەتیی تاقمێک لە چۆماغ بەدەستەکانی ویلایەت دەستیان بەسەر باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاراندا گرت. ئەم کردەوەیە کە بە دنەدان و پشتیوانی و بەستێن خوڵقێنیی حاکمانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بەڕێوە چوو، هەرچەند بوو بە هۆی دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ماهییەتی دژەمرۆیی و یاساشکێنیی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و گرژیی پێوەندییەکانی تاران ـ واشینگتۆن، بەڵام لە بەرامبەردا بە شێوەیەکی کاتی هاودەنگیی لایەنە سیاسییە چەپەکانی ئەوکاتی لەگەڵ دەسەڵاتداریتیی ئیسلامی دا بە دوای خۆیدا هێنا. هەرچەند لەو سەردەمدا هەندێک لە لایەنە سیاسییەکانی ئێران و لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستان دژایەتییان لەگەڵ ئەم کردەوە ناتەبا لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان کرد و مەحکوومیان کرد، بەڵام لە کۆتاییدا کاریگەرییەکەی لە مانەوە و بەردەوام بوونی کۆماری ئیسلامی دا بە ڕادەیەک بوو کە هەر ئەو کات خومەینی، ڕێبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی وەک «شۆڕشی دووهەم» ناوی برد.

لە ماوەی سێ دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامییدا بەردەوام لە ساڵوەگەڕی ئەم ڕووداوەدا بە هێنانە سەرشەقامی زۆرەملێی قوتابیان و کارمەندانی دەوڵەتی و هەروەها دەسوپێوەندەکانی خۆیان و، بڵاوکردنەوەی لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان دا بە شێوەیەکی بەربڵاو، هەوڵی داوە سیمایەکی خەڵکی و جەماوەری لە حاکمییەتی سەرەڕۆیانە و نایاساییانەی خۆی پێشان بدا. شکڵگرتنی چینی مامناوەندیی شاری و لەسەریەک کەڵەکەبوونی داخوازییەکانی خەڵک و وەڵامنەدانەوەی دەسەڵات بوو بە هۆی ئەوەکە بزووتنەوەی بەربەرینی خەڵک لە ناڕەزایەتی دەربڕین لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی دەیەمین خوڵی سەرۆک کۆماری بێتە کایەوە. سێ دەیە دوای ڕووداوی ١٣ی خەزەڵوەر بارودۆخ گۆڕا و ئەم جارە ئەو ڕۆژانەی کە کۆماری ئیسلامی ناوی «ایام الله»ی لێ نابوون و بۆ مانەوە و ڕەوایی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرتن، بوون بە ڕۆچنەی زەبروێکەوتنی ڕێژیم و بە کورتی «ایام الله» بوون بە «ایام الناس» و ئەم جارە خەڵک هەلیان بە هەڵکەوت زانی هەتا بە کەڵک وەرگرتن لە ئاپۆرەی خەڵکی سەرشەقامەکان بێزاری و ڕقی خۆیان بەم ڕێژیمە پێشان بدەن.

ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٨٨ وەک یەکەم دەرەتانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان دوای کرانەوەی قوتابخانە و زانستگەکان هەلێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی خەڵک جارێکی تر توانایی خۆیان لە هاوەدنگ کردنی شەقام لەگەڵ خۆیان پێشان بدەن. ترسی دەسەڵات لە بەشداریی خەڵک لە شەقام بوو بە هۆی ئەوە کە تا ئەو جێگایەی لە توانای دایە، ئامرازەکانی ترس و تۆقاندن بەکار بێنێ. ڕۆڵی کۆنەپارێزیی بژاردە و ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە هەتا ڕادەیەکی زۆر یارمەتی ڕێژیمی کرد و وردەوردە ئاگری قینی خەڵکی نشاندەوە.

لە ساڵوەگەڕی ١٣ی خەزەڵوەر لە ساڵی ١٣٩٠ دا، هاتنە کایەی باس و خواس لەسەر پاساوهەڵگربوون یان نەبوونی ئەسڵی ناونراو بە « بەرپرسایەتیی پارێزگاری»ی پەسندکراو لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ دەستێوەردانی دەرەکی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان، تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە هۆی ئەوەکە بژاردە سیاسییەکانی ئێران بە تایبەت لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ترسی بە کردەوە دەرهاتنی ئەم ئەسڵە لە بابەت ئێرانەوە، بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە بیر خۆیان ببەنەوە و لەو بەستێنەی کە «ایام الناس» بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوەی مەدەنی دابینی دەکا، خافڵ بن. لە ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ ئیتر باسێکی ئەوتۆ لە دەرکردنی ڕاگەیەندرا و بانگهێشتی خەڵک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە شەقامەکان لە ئارادا نییە و ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: داخۆ بژاردە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم لەبەر ترس لە دواهاتەکانی دەستێوەردانی دەرەکی ئامادەن هەتاهەتایە لەژێر سێبەری شوومی وەها دەسەڵاتداریتییەکی سەرەڕۆ و خوێنخۆردا بمێننەوە؟ ئاخۆ خەڵکی ئێران خۆیان لەم لایەنە سیاسییانە جیا دەکەنەوە و بە ئامادەبوونیان لە شەقامەکان و پێداگریی لەسەر وەدیهاتنی داخوازییەکانیان هەر چەشنە تێچوویەک بە گیان و دڵ قبووڵ دەکەن؟